

# لەیلا قاسم

## ئەستێرەیەکی هەرگیز ئاوا نەبوو

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- لەیلا قاسم؛ سمبولی ژنی تێکۆشەر لە کوردستان و عێراق........................................... شاسوار مامە ..... ٣
٢- بۆ یادی لەیلا قاسم.................................................................................. د. ڤیان سلێمان ..... ١٢
٣- لەساڵیادی لەیلا قاسمو هاوڕێکانیدا....................................... محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی ..... ١٤
٤- سڵاو لە گیانی پاکت لەیلا قاسم........................................................................ ئێڤار ئیبراهیم ..... ١٨
٥- پاداشت بۆ قوربانیدانی لەیلا قاسم سەربەخۆییە................................................... د.ڤیان سلێمان ..... ٢٠
٦- لەیلا قاسم............................................................................................. ئاریان فەرەج ..... ٢٢
٧- دوایین رۆژەکانی لەیلا قاسم.......................................................................... سالح فرات ...... ٢٤
٨- ڕۆحی بەرگری و هۆشیاری نەتەوەیی ئافرەتی کورد، لە نموونەی (لەیلا قاسم)دا............... د.ڤیان سلێمان ..... ٢٨
٩- شەهید "لەیلا قاسم" سیمبوولی خەباتی پیرۆزی ئافرەتی کورد................................ نەسرین حەسەن ...... ٣١
١٠- لەیادی نەمراندا........................................................................................ جەلال دەباغ ..... ٣٤
١١- لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەردەوامی بە خەباتی لەیلا قاسم دەدرێت.................. بەرهەم لەتیف ..... ٣٨
١٢- لەیلا قاسم کێ بوو؟ چی لەسەر چیرۆکی خۆشەویستیەکەی دەزانیت؟......................................... خەڵک ...... ٤٠
١٣- لەیلا قاسم.............................................................................. لەتیف فاتیح فەرەج ..... ٤٧
١٤- بارزانی: لەیلا قاسم سیمبۆلی خۆنەچەماندن و گیانفیداییە بۆ هەمووممان............................................. ٤٩
١٥- چەند پەیڤێک بۆ شەهید لەیلا قاسم........................................................... سەمەد چاوشین ..... ٥٠
١٦- "لەیلا قاسم، نموونەی ئافرەتی بوێر"............................................................ فەزیلە شۆرش ..... ٥٣

## لەیلا قاسم؛ سمبولی ژنی تێکۆشەر لە کوردستان و عێراق



**١٢ی ئایاری - ٢٢ی بانەمەڕ ساڵیادی لەسێدارەدانی ژنە تێکۆشەری کورد لەیلا قاسمە کە لە ١٢ی ئایاری ١٩٧٤ لە لایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق لەگەڵ ٤ هەڤاڵی دیکەی، لەسێدارە درا.**

**شاسوار مامە**

ژنە تێکۆشەری کورد لەیلا قاسم لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمانپەروەری کورد لەدایکبووە. قاسم حەسەن-ی باوکی لەیلا، کرێکاری کۆمپانیای پاڵاوگەی نەوتی ئەڵوەند بووە. هەموو خوشک و براکانی لەیلا (سەبیحە، سەلام، سەفا، سەلاح) لەگەڵ ئەوەی خەریکی خوێندن بوون، هەریەکەشیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیان کاریان کردووە.

### قۆناغی خوێندنی لەیلا قاسم

لەیلا قاسم، لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین دەستی بە خوێندن کردووە و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە خانەقین سەرکەوتووانە تەواو کردووە. لە تەمەنی منداڵییەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست کردووە و گرنگی بە هاوڕێیەتی داوە. کەسوکاری لەیلا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەیلا هەمیشە ئاگاداری هاوڕێکانی بووە و گرنگی بە بارودۆخی ژیانی هاوڕێکانی داوە و هاریکاری کردوون.

هاوڕێی منداڵی لەیلا، نووسەر و ڕۆژنامەوان ئەحلام مەنسوور-ی کۆچکردوو دەڵێت: «لەیلا، هەر بە منداڵییەوە کچێکی چالاک و وریا بوو، هەمیشە سەیری ئاسمان، مانگ و ئەستێرەکانی دەکرد، کچێک بوو حەزی لە زانین دەکرد، بۆیە لە خوێندنیشدا زۆر زیرەک بوو.»

## سەرەتای هۆگربوونی لەیلا بە نیشتیمان

زوڵم و زۆرداری ڕژێمی ئێراق لە بەرانبەر گەلی کورد، هەر لە منداڵییەوە کاریگەری لەسەر لەیلا دروست کردووە و هۆگری نیشتیمان و وەڵاتی کردووە، ڕۆحی یاخیبوونی لە ناخیدا دروست کردووە، سەرەنجام ویست و هەستی پێداگری لەسەر ناسنامە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەی گەشەی کردووە. سەبیحە قاسم-ی خوشکی لەیلا لەو بارەیەوە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە: »ساڵی ١٩٥٩ سەردانی بەغدامان کرد، ئەو سەردەمەی عەبدولکەریم قاسم لەسەر حوکم بوو. ڕۆژێک بیستمان ئاهەنگێک هەیە، بڕیارماندا ئێمەش بچین سەیری بکەین. لە بەردەم وەزارەتی بەرگری خەڵکێکی زۆر کۆبووبووەوە و هوتافیان بۆ پشتیوانی لە عەبدولکەریم قاسم لێ دەدا، لەیلا داوای لە باوکی کرد بیخاتە سەرشانی، باوکی بە قسەی کرد و هەرئەوەندە لەیلای خستە سەر شانی خۆی، لەیلا بە دەنگێکی بەرز دەستی کرد بە هوتاف لێدان و گوتنی درووشم بۆ کورد و کوردستان.»

## دەستپێکی خەباتی لەیلا قاسم

لەیلا لە ساڵی ١٩٧١ لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە. باوکی لەیلا کە پێداگربووە لەسەر بەردەوامبوونی لەیلا لە خوێندن، بڕیار دەدات ماڵیان بگوازنەوە بۆ بەغدا. دواتر لە هەمان ساڵدا لە ڕێی سەلام قاسم-ی براگەورەی، لەیلا پەیوەندی بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردەوە کردووە و لە ڕیزەکانی «یەکێتی قوتابیانی کوردستان» دەستی بە تێکۆشان کردووە. لەیلا قاسم کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی بەغدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەیلا پێداگری لەسەر یەکسانی ژن و پیاو کردووە و بۆ بەشداری ژنان لە تێکۆشان و چەسپاندنی یەکسانی هەوڵی زۆری داوە.

## عەشق و خەباتی لەیلا

لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی «جەواد هەمەوەندی» پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو. جەواد، ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە کارگەیەکی زەیت لە بەغدا کاری دەکرد، جەواد و لەیلا

بەیەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد، ئەشقی خۆیان و ئەشقی ئازادی کوردستانیان ئاوێتەی یەک کردبوو. لەیلا هەر لە ڕێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەک لە باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە. ئامانجی لەیلا قاسم، ناسینی زیاتری ڕەوشی سیاسیی کورد و پێشخستنی خەباتی ڕێکخستنی شارەکان بوو.

## بەرخۆدان لەنێو دڵی دوژمن

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ کە ڕژێمی ئێراق هێرشەکانی لە دژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەرفرەوان کرد. ڕژێم لە سەرەتای بەهاری ١٩٧٤ بە سەختی بۆردومانی شارۆچکەکانی قەڵادزێ و هەڵەبجەی کرد و بە سەدان کەس بوونە قوربانی. هەر لەو کاتانەدا هەزاران کەس لە تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرگریکردن لە گەل و نیشتیمان ڕوویان لە شاخەکان کرد و چەکی پێشمەرگەیاتییان هەڵگرت. لەو کاتەدا لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی و نەریمان فوئاد و هەندێک لە هاوڕێکانی دیکەیان، پێیانوابوو خەباتکردن تەنیا لە شاخ بەس نییە، بەڵکوو خەبات و تێکۆشان لە شارەکاندا و لەنێو جەرگەی دوژمندا پێویستیەکی زۆر گرنگی ئەو قۆناغەیە. بۆیە ڕوویان نەکردە شاخەکان و لە بەغدای پایتەختی ئێراق بەرخۆدانیان کرد و بەردەوامیان بە تێکۆشان دا.

لەیلا و جەواد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامدا، لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە، بەڵام بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی ئێراق، وە دەستپێکردنەوەی شەڕ نەیانتوانی بڵاوی بکەنەوە. دواتریش لە کاتی دەستگیرکردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی، دەستنووسی لێکۆڵینەوەکە کەوتە دەستی هەواڵگری ڕژێم و لەناویان برد.

## دەستگیرکردنی لەیلا قاسم

لەگەڵ تەشەنەکردنی شەڕ لە باشووری کوردستان، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس زۆر بە توندی چاودێری یەک بە یەکی کوردانیان دەکرد، بە تایبەت لە شاری بەغدای پایتەخت کوردان لەژێر چاودێری وردی هێزەکانی دەوڵەت بوون. شەوی ٢٨-٢٩ ی نیسانی ١٩٧٤ لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، حەسەن حەمە ڕەشید، ئازاد سلێمان و نەریمان فوئاد) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفرەوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕژێم لە بەغدا دەستگیرکران. ڕۆژنامەی «سەورە»ی زمانحاڵی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوخۆی ئێراق، دەستگیرکردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی ڕاگەیاند و وەک تێرۆریست، تێکدەر و گێڕەشێوێن ناوزەندیان کردن.

ئەحلام مەنسوور کە لە هەمان کاتدا و لە هەمان زانکۆ لە بەشی کوردی خوێندوویەتی باس لە ڕۆژێک بەر لە دەستگیرکردنی لەیلا قاسم دەکات و دەڵێت: «سڵاوم لە لەیلا کرد، بەڵام ئەو ڕۆژە بە ساردی وەڵامی دامەوە و پەشۆکاو دیاربوو.» دەربارەی کاتی دەستگیرکردنی لەیلا، سەبیحە-ی خوشکی لەیلا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ویستوویەتی بۆ سەردانێک لەیلا لەگەڵ خۆی ببات بۆ جەلەولا، بەڵام دواتر لەیلا پێی گوتووە کە ناتوانێ لەگەڵی بچێت. سەبیحە قاسم لە زاری دایکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «دایکم گوتی: درەنگانی شەو بوو هێزێکی زۆری چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵمان و پرسیاری لەیلایان کرد. لەیلاش هات و خۆی پێناساندن، بەڵام باوەڕیان پێ نەکرد و گوتیان: تۆ لەیلا نیت، لەیلا سەرۆک سەددام و هەموو حکوومەتی تووڕە کردووە. دواتر لەیلا ناسنامەی زانکۆی پیشاندان، ئینجا باوەڕیان کرد و بە بیانووی لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لێی، دەستگیریان کرد و لەگەڵ خۆیان برد.»

### بەرخۆدانی لەیلا قاسم لە زیندان

بەرخۆدان و وەرەبەرزی لەیلا قاسم لەنێو زیندان و کاربەدەستانی حکوومەتی ئێراق دەنگی دابوەوە، چونکە بە چەندین شێوە لەیلا ئەشکەنجە درابوو، بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر داوا ڕەواکانی خۆی و گەلەکەی پەشیمان بێتەوە. کاربەدەستانی دەزگەی هەواڵگری زۆر هەوڵیاندا بە گفتوگۆ بڕوا بە لەیلا بکەن کە پەشیمان بێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. تەنانەت ئەحمەد حەسەن بەکر-ی سەرۆکوەزیرانی ئێراق داوای لە لەیلا کردووە نامەیەکی پەشیمانبوونەوە بۆ سەددام حوسێن بنووسێت، لە بەرانبەردا ئازاد دەکرێت، بەڵام لەیلا ڕەتیکردۆتەوە و لە وەڵامدا گوتویەتی: «ئەگەر من لە کارێکی خۆم لەم ژیانەدا پەشیمان بم، ئەوەیە: زوو دەمرم، بەبێ ئەوەی بتوانم ماوەیەکی درێژ بۆ گەلەکەم خەبات بکەم. ئەگەر بڕیار بێت داوای لێبووردن لە کەسێک بکەم، ئەوا داوای لێبووردن لە گەلی کورد دەکەم، چونکە لە ڕاستیدا من بۆ پرسی نەتەوەکەم کەم خەباتم کردووە.«

### دادگەیی کردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی

کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس بێ ئومێد دەبن لە خۆبەدەستەوەدانی لەیلا، هەست دەکەن بەرخۆدانی لەیلا کاریگەری لەسەر ورەی زیندانیانی دیکە دەکات، بۆیە دادگەی شۆڕش بەپەلە مەڕاسیمێکی دادگەیی کردن ڕێکدەخات و بە تۆمەتی تیرۆر و هەوڵدان بۆ تەقینەوە لە سینەمایەکی شاری بەغدا، دادوەرێک بە ناوی «جاورولا» سزای لەسێدارەدان بەسەر لەیلا قاسم و هاوڕێکانیدا دەسەپێنێت. بەهۆی ئەوەی لە مێژووی سیاسیی ئێراقدا تا ئەو کاتە هیچ ژنێک لەسێدارە نەدراوە، سەددام حوسێن دوودڵ دەبێت لە لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، بۆیە خۆی ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدات لەیلا پەشیمان بکاتەوە. سەددام حوسێن-ی سەرۆک کۆماری ئێراق بۆ ئەو مەبەستە خۆی دەچێتە زیندان و لەگەڵ لەیلا قاسم قسە دەکات و داوای لێ دەکات

پەشیمان بێتەوە و لە بەرانبەردا سەرجەم داواکارییەکانی جێبەجێ دەکرێن.

### سەدام حسێن سەردانی لەیلا قاسم دەکات لە زیندان

بەر لە لەسێدارەکانی لەیلا، پەیامێکی لەیلا دەگاتە خانەوادەکەی و پێیان ڕادەگەیەنێت: «ڕۆژی ١٢ی ئایار لەسێدارە دەدرێم، وەرن بۆ دیدەنیم، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگەتان پێ بدرێت، بڵێن هاتووین بۆ لای زیندانییەکی خەڵکی جەلەولا کە ناوی سەلاح-ە.«. لە ڕۆژی ١٢ی ئایار دا، دایکی لەیلا نامەیەک بۆ هاوژینەکەی جێدەهێڵێت و بەپەلە دەچێتە دیدەنی لەیلای کچی لە زیندانی ئەبوغرێب: (هەر کە ڕێگەیان پێدام بچمە ژوورەوە، لەیلام بینی و بە دەنگێکی بەرز بانگم کرد «لەیلا؟» لە پشت ئاسنەکانەوە یەکترمان ماچ کرد. لەیلا زۆر بەهێز و بە ورە دیار بوو، پێی گوتم: دایە خەفەت نەخۆی و بڵێی کچەکەی وەهای لێ هاتووە، ڕاوەستە بۆت باس بکەم: سەددام حوسێن لەگەڵ چەندین گەورەکاربەدەستی حکوومەت هاتن بۆ لام، سەددام پێی گوتم چیت دەوێ بۆت دەکەم. داوای لێ کردم پەشیمان ببمەوە، لە بەرانبەردا نەک هەر ئازادم دەکات، بەڵکوو چیم بوێت بۆ خۆم و خانەوادەکەم دەیکات.) وەڵامی لەیلا بۆ سەددام لە زاری خۆیەوە: (کە سەدام قسەکانی کرد، دواتر لێم پرسی قسەکانت تەواو بوو؟ سەدام گوتی: بەڵێ، هەر ئەو داوایەم لێت هەیە و تۆش چیت دەوێ بیڵێ با بۆت جێبەجێ بکەم. منیش پێم گوت: با پێت بڵێم من کوردم و کوردستانیم. سەددام تووڕە بوو، گوتی بەخوا ئیعدامت دەکەم - بەخوا چاوت دەردێنم. منیش وەڵامم دایەوە و پێم گوت: «من بکوژن، بەڵام ئەو ڕاستییە بزانن کە بە کوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی گران وەئاگا دێنەوە. من زۆر خۆشحاڵم کە بە سەرفرازی لە ڕێگەی ئازادیی کوردستان گیانی خۆم فیدا دەکەم.»)

خانەوادەی لەیلا قاسم ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، باوکی لەیلا کە زانیویەتی لەیلا لەسێدارە دەدرێت، ئەویش بەپەلە خۆی گەیاندۆتە زیندانی ئەبوغرێب و لە دوایین دیدەنیدا، بە کچەکەی گوتووە: »کچم لەیلا، نەڵێی من لەنێو قەفەزی زینداندا وەستاوم، تۆ سەری هەموو کوردت بەرزکردۆتەوە. کوردستان قەت نامرێت و دەبێ ئاڵاکەی هەر هەڵدرێت.»

### داواکاری لەیلا بەر لە لەسێدارەدانی

باس لەوە دەکرێت کە لەیلا قاسم بەر لە لەسێدارەدانی، داوای کردووە کە جلی کوردی بۆ ببەن بۆ ئەوەی لە کاتی لەسێدارەداندا لەبەریان بکات و ببێتە »بووکی کوردستان» هەروەها دەشگوترێت لە دوایین دیدەنیدا، داوای لە دایکی کردووە قژە زەردەکەی ببڕێت و لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە ئاڵای کوردستان.

## میدیاکانی عێراق: یەکەمین ژن لە مێژووی عێراقدا لەسێدارە درا

ڕۆژی ١٣ی ئایار هەواڵی سەرەکی میدیاکان ئەوە بوو: «شەوی ڕابردوو، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی لەسێدارەدران. - یەکەمین ژن لە مێژووی سیاسیی ئێراقدا لەسێدارە درا.» گەلانی ئێراق و کوردستان بە بیستنی هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی تووشی شۆک بوون. گەلی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێراق ڕۆژێکی تاریک و پڕ لە خەمیان دەستپێکرد. لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی نەک هەر لە کوردستان و ئێراق، بەڵکوو لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و جیهان دەنگی دایەوە، بوو بە باسی میدیاکان و قسەوباسی ڕای گشتی.

## کاردانەوەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم لە ئاستی جیهانیدا

عادل موراد، بەرپرسی ئەوکاتەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەغدا دەربارەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم کە ئەو لەو کاتەدا بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەی خوێندکارانی جیهان لە بودابێست بووە، باس لە کاردانەوەی هاوژینی سەرۆکی پێشووی شیلی «ئالێندە« دەکات و دەڵێت: «ئەو ناوی گەلی کوردی قەت نەبیستبوو، ئێمە باسی کوردمان بۆ کرد و هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسممان پێ ڕاگەیاند. دواتر پشتیوانی لە ئێمە کرد و بە بەرچاوی نوێنەرانی ئێراق بە ڕێکخەرانی کۆنگرەکەی گوت: بۆچی ناهێڵن نوێنەرانی کورد لە کۆنگرە بە ناوی کوردەوە قسە بکەن؟ دیارە ڕژێمی ئێراق ڕژێمێکی فاشیستە و ژنانی کورد لەسێدارە دەدات. چۆن دەبێت ژن لەسێدارە بدرێت؟ دیارە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕژێمی پینوش (لە ساڵی ١٩٧٣ لە شیلی کودەتا بەسەر سەرۆک ئالێندە-دا کرا و پینوش دەسەڵاتی گرتەدەست) و ئێراق نییە. دەربارەی کەسایەتی لەیلا، عادل موراد دەڵێت: «لەیلا قاسم ژنێکی ژیر و ئازا بوو، ئازادی ژن و کوردستانی بەیەکەوە گرێدەدا، لەگەڵ جەواد هەمەوەندی خاوەنی عەشقێکی پاک بوون. لە تەلەفزیۆن دیمەنی دادگەیی کردنەکەم بینی، شوێنەواری ئەشکەنجە بە دەموچاوی لەیلاوە دیار بوو، بەڵام زۆر سەربەرزانە، بەبێ ترس وەڵامی دادوەری دەدایە و دەیگوت: پەشیمان نیم. لەیلا قاسم بە بەرخۆدانەکەی لە بەرانبەر ڕژێمی ئێراق لە کاتی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا، کەسایەتی خۆی سەلماند.»

## لەیلا چۆن بەگرتن درا؟

هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن لەیلا قاسم و هاوڕێکانی ویستوویانە دوو تەقینەوە لە بەغدا ئەنجام بدەن، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕای گشتی ئێراق و کەم کردنەوەی فشارەکانی ڕژێم لەسەر ناوچەکانی باشووری کوردستان. دواتر

لە لایەن چەند کەسێکی نێو ڕێکخستنی «پ.د.ک»ەوە لە بەغدا کە دەستیان لەگەڵ ڕژێم تێکەڵ بووە، پلانەکە گەیەنراوەتە دەزگەی هەواڵگری ڕژێم. هەرچەندە ڕوون نییە کە پلانی ئەم چالاکییانە بە دەستپێشخەری خودی شانەڕێکخستنەکەی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بووە یان بە بڕیار و داوای سەرکردایەتی کورد لە شاخ. ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە دوای لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی سەرکردایەتی کورد خاوەنداریی لێ نەکردن. زۆر سەرچاوە پشتڕاستی دەکەنەوە کە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی لە لایەن چەند ئەندامێکی دەستڕۆیشتووی ڕێکخستنەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (پ.د.ک) لە بەغدا بەگرتندراون.

### تاڵەبانی: بەگرتندان و لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی، دەستی مونزیری تێدا بووە

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی ی.ن.ک دەربارەی دەستگیرکردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی دەڵێت: «حکومەتی ئێراق توانیبووی جاسووسێک بخاتە ریزەکانمانەوە، ئەویش مونزیر موزەفەر نەقشبەندی بوو. بە بۆچوونی من مونزیر لە کۆنەوە جاسووس بووە، ئەو کاتەی کە لەگەڵ پاراستنیش ئیشی کردووە. من هەتا ئێستاش قەناعەتی ویژدانی خۆم وایە و بۆ مێژووش تۆماری دەکەم و تۆش بینووسە: بەگرتندان و ئیعدامکردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی، دەستی مونزیری تێدابووە. بەڵام مونزیر ئەوەندە چالاک و ئەوەندە زیرەک و بەتوانا بوو، خۆی واخستبووە پێشەوە و بووبوو بە یەکێک لە کادیرە پێشکەوتوەکان. بەڕاستی لای من ئەوەندە هاتبووە پێشەوە ئەگەر بیویستایە دەیتوانی بمکوژێت!»

### بارزانی: دوای ١٩٧٥ ڕاستییەکەم زانی

هەروەها مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پ.د.ک دەربارەی دەستگیرکردن و ئاشکرابوونی شانەڕێکخستنەکەی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی دەڵێت: «دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ڕاستیم بۆ دەرکەوت. مونزیر نەقشبەندی ئەندامی لقی پێنجی بەغدا و حەیدەر عەبد عەلی ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقین ئەلقەی پێوەندی شانەکەی (لەیلا) بوون. دوایی دەرکەوت، ئەو دووانە هەر لە ساڵی ١٩٧١-ەوە، خۆیان بە دەسەڵات فرۆشتبوو. دەزگەی ئاسایش بەکرێیگرتبوون، سەبارەت بە شۆڕش و کاری پارتی، بە درێژایی ئەو ساڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام، کاری بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی پێ سپاردبوون. کە ساڵی ١٩٧٤یش بە دەستپێکردنەوەی جەنگ کۆتاییهات، هەر لە ڕێی ئەوانەوە، ئەو شانەیە ئاشکراکرا.»

### ڕژێم تەرمەکانی ڕادەستی خانەوادەکانیان نەکردەوە

ڕژێمی بەعسی ئێراق لە دوای لەسێدارەدانی ئەم پۆلە تێکۆشەرە (لەیلا قاسم، جەواد هەمەوەندی، حەسەن حەمە ڕەشید،

ئازاد سلێمان و نەریمان فوئاد) تەرمەکانی لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی نەدانەوە بە بنەماڵەکانیان و لە شاری نەجەف بەخاکی سپاردن. بە لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، کۆست لە دوای کۆست ڕووی لە خانەوادەی لەیلا قاسم کرد. سەلام قاسم-ی برای لەیلا، بە تۆمەتی ئەوەی وێنەی لەیلای خوشکی ناردووە بۆ ئەندامانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە دەرەوەی وەڵات، لە لایەن بەعسییەکانەوە شەهید کرا. باوکی لەیلا لە پاڵاوگەی دۆرە-وە گواسترایە بۆ «شوێنی فرۆشتنی قلێنەی غاز» لە کاتێکدا باوکی لەیلا خاوەنی بڕوانامەی بەرزی خوێندن بوو. هەروەها یەکێک لە براکانی کە ٣ هەفتە بوو دامەزرابوو، دوورخرایەوە بۆ سەماوە. سەبیحەی خوشکیشی بۆ دهۆک گواسترایەوە. خانەوادەی لەیلا قاسم لە بەرانبەر هەموو فشارەکانی ڕژێم خۆیان ڕاگرت و لەسەر ڕێبازی کچەکەیان بەرخۆدانیان پێشخست. دایک و باوکی ماوەیەک دواتر بە خەم و پەژارەی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان «لەیلا قاسم و سەلام قاسم» کۆچی دواییان کرد.

## هەزاران منداڵی کورد ناویان لێ نرا لەیلا

دوای لەسێدارەدانی ژنەتێکۆشەری گەلی کورد لەیلا قاسم، هەزاران منداڵی کورد لە سەرانسەری کوردستان ناوی «لەیلا»یان لێ نرا. لەیلا بوو بە شیعر و گۆرانی، بوو بە سمبولی تێکۆشانی ژنان. لە دوای تۆمارکردنی داستانە واتادارەکەی، هەر وەک لەیلا خۆی مژدەی دابوو، هەزاران ژن لە باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاڤای نیشتیمان ڕوویان لە مەیدانەکانی تێکۆشان کرد و خاوەندارییان لە پەیامی لەیلا قاسم کرد. ئێستا لە چیاکانی کوردستان، لە دەشتە پان و بەرینەکانی ڕۆژاڤای کوردستان و باکووری سووریا هەزاران ژن شەڕی ئازادی دەکەن و دەڵێن «ئێمە هەموومان لەیلاین»

## لەیلا لەنێو هەڵبەستی شاعیراندا

لەیلا قاسم، بە وره و کەسایەتییە بەرخۆدێر و سەنگینەکەی نەک تەنها لەنێو دڵی گەلی کورد، بەڵکو لەنێو دڵی مرۆڤە ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین جێی گرت.

**هێمن-ی شاعیر بۆ لەیلا قاسم نووسیوەتی:**

**کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من**
**لە بسکت رەشترە مانگەشەوی من**
**برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە**
**کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من**

بزەی هاتێ، وتی جەلادی خوێری!
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نیە میدالی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میلەتی خۆم

جگەرخوێن-ی شاعیریش لە بەرانبەر بەرخۆدانی لەیلا قاسم نووسیوەتی:

لەیلا کەچا میت و مەدا
جانێ خوە دا د بەر مە دا
بژین هەچی کۆ جانفیدا
خوەش بن ژ تە ژار و گەدا
لەیلا چراخا شەڤرەشە
وێ روو ل کوردان کر گەشە
کوشتن ب مە کوردان خوەشە
زۆرداری ئێدی نامەشە!
لەیلا بژی، سەد ئافەرین
ژ بۆ مە بوویە ئۆل و دین
دیسا ل من دەر بوون برین
هەتا جگەر من بوویە خوین!

سەرچاوە:

- ویکیپیدیا
- لێدوانی خانەوادەی لەیلا قاسم بۆ نەورۆز تیڤی
- «لەیلا قاسم، سمبولی گیانفیدایی ژنانی کوردستان» - ن. کاکشار ئۆرەمار

سەرچاوە: ماڵپەڕی ANF - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٨

## بۆ یادی لەیلا قاسم



د. ڤیان سلێمان

ڕامان لە ژیان و تێکۆشان و مەرگی کچەتێکۆشەری کورد شەهید (لەیلا قاسم)، ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و چەندین مانا لە خۆ دەگرێت، مرۆڤێک لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیدا سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکات و لە بەردەم یەکێک لە توندوتیژترین و دڕندەترین دەسەڵاتەکانی ئەو کاتەدا دەوەستێتەوە و سەرەڕای چەشتنی ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، بەخشین و لێبووردنی ستەمکار ڕەت دەکاتەوە و سازش لە بیروباوەڕی کوردانەی خۆی ناکات، لەمەیش زیاتر، شەهید (لەیلا قاسم) لەناو کۆمەڵگایەکی نەریتپارێزدا بووە کە تێیدا پێشەنگییەکی ڕەها دراوە بە ڕەگەزی بەرامبەر ئەم دوو ڕێگرییە سەرەکییە و ئەو بەخشینە گەورەیە بە تەواوی چەمکەکانی قوربانیدان، ئازایەتی و خۆنەوستی و بڕوا بەخۆبوون لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.

قوربانیدان وەک کەمتەمایی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی تایبەت لە پێناو بەرژەوەندیی باڵا، بەرەنگاربوونەوەی دڕندەترین ڕژێم و بێباکی لە کاردانەوەکانی، دۆخگەلێکە مرۆڤ خۆی لە بەردەم وادەیەکی دیاریکراودا دەبینێ لەگەڵ مەرگدا، بەڵام مەرگی ناوێ بەڵکو ژیانی دەوێ و بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە ڕێگەی خەباتی گرتووەتە بەر، ژیانی دەوێ بۆ ئەوانی تر، سەربەستی و شکۆمەندیی دەوێ بۆ نەتەوەکەی، لەو پێناوەیشدا ژیانی خۆی دەبەخشێ و خۆی ڕووبەڕووی مەرگێکی تراژیدی دەکاتەوە، کە تەنیا مرۆڤە ئازاکان دەتوانن بارەکەی هەڵگرن ئازابوونیش زاڵبوونە بەسەر ترسی مردن و سەرکێشیکردنە بە ژیان بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی ڕەوا، ئازایەتی فەزیلەتی مرۆڤی بەهێزە کە لە تاقیکردنەوەدا خۆی ڕادەگرێ، مرۆڤێک کە بڕوای بە خۆی هەیە و نە توندوتیژی دەسەڵات و نە جیاکاریی ڕەگەزی ناتوانن پاشگەزی بکەنەوە، ئەم مرۆڤە هێندە

هەڵکەوتووە، ئەم ڕۆحە هێندە گەورەیە، کە بە سروودی ژیان و هیوا، بە خەندەوە بەرەو پەتی سێدارە دەچێت، بۆیە دەبێ بە چاوی گەورەییەوە لێی بڕوانرێت.

لە ساڵیادی شەهیدکردنی (لەیلا قاسم)ـدا، وەک ئافرەتێکی کوردستانی و هاونیشتیمانییەکی شەهید بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم وەک بەبیرهێنانەوەیەک بۆ ئەم یادە پیرۆزە بۆ بەردەوامیدان بەو ڕێبازەی کە لە پێناویدا شەهید بووە، وەک وەفایەک بۆ نموونەیەکی بەرزی قوربانیدان کە بە هەر جۆرێک ستاییشی یەکێک لە سیمبولەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و ئافرەت بە تایبەت بکەین، ناتوانین بە شاییستەیی مافی خۆی پێ بدەین، چونکە شەهید (لەیلا قاسم) ئاستی قوربانیدانی لەوە زیاترە کە ووشە بتوانێت گوزارشتی لێ بکات، پێویستە ئەوەیش بڵێین کە، گەلی کورد ڕێزی لە شەهیدەکەی گرت و سەدان دایک و باوک منداڵی خۆیان ناو لێنا (لەیلا)، دوای ڕاپەڕینی ئازادییش چەندین قوتابخانە و گەڕەک و بنکەی تەندروستی و شوێنی تر لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بە ناوی کران، (لەیلا قاسم) بوو بە بەشێک لە ئەدەبیاتی کورد و، هەوێنی ئەدەبیاتی بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی ئافرەتی کورد، هاوکات ئیلهامبەخش بۆ نەوە دوای نەوەی ئافرەتان،

ئەم نووسینەیش بە شیعرێکی مامۆستا (هێمن) لە ستایشی (لەیلا قاسم) کۆتایی پێ دەهێنم.

بزەی هاتێ وتی ڕووناکە ئاسۆم  
وەرە جەلاد پەتت باوێژە ئەستۆم  
ئەوە پەت نییە میدالی ئیفتیخارە  
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم  
ئەوەی بیست شاعیر و گریا بە زاری  
ئەگەرچی بەسترابوو لێو و زاری  
وتی لەیلا هەمیشە پایەداری  
لە ژێر خاکا لە پێش چاوان دیاری

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٦

## لەساڵیادی لەیلا قاسمو هاوڕێکانیدا



**محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی**

ساڵی ١٩٧٤ کاتێ ڕژێمی بەعس لەڕێکەوتنامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ پاشگەز بۆوە، هەرچی بنکەو بارەگای سەر بەشۆڕشی ئەیلول و پارتی بوو لەناو شارەکانی کوردستان و بەغدا کشانەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. لقی پێنجی (پ.د.ک) بەمەبەستی کاری ڕێکخستنی نهێنی ناو شاری بەغدا پۆلێ تێکۆشەری گەنجی خوێنگەرمی لەشاری بەغدادا بەستەوە. کە هەر یەکەیان پلەی حزبی خۆیان هەبوو. هەر یەکێکیشیان خەڵکی ناوچەیەکی کوردستان بوون، نەریمان فوئاد مەستی و حەسەن فەتاح خەڵکی سلێمانی و ئازادی سلێمان بەگ خەڵکی شەقڵاوەو جەواد هەمەوەندی خەڵکی کۆیە و لەیلا قاسم خەڵکی خانەقین بوون. جگە لەجەواد ئەوانیتر خوێندکاری زانکۆی بەغدا بوون.

لەیلا قاسم لەگەڵ ئەوەی کچێکی تێکۆشەری ناو ریزەکانی قوتابیان و ڕێکخستنەکانی پارتی بوو، ئەو پێنج ڕۆڵە خوێنگەرمە لەسەر ڕاسپاردەی حزبەکەیان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و خەباتی سیاسی بەبێ ڕامان ئامادەبوون کە پێشمەرگە ئاسا لەناو شاری بەغداو لەناو ئەو هەموو چاوانەی دەزگا جۆراوجۆرەکانی بەعسییەکاندا بڕیاری مانەوە و خەباتی نهێنی بدەن و ئەوەی پێیان دەسپێرن نەترسانە ئەنجامیان بدەن.

بەڵێ ئەو پۆلە تێکۆشەرە لەبەغدا مانەوە. لەگەرمەی دەستپێکردنەوەی شەڕی پێشمەرگانەدا، بیرمە ڕۆژێک لەناوپردان

ئازادو جەواد پەیدا بوون و لەماوەیەکی کەمی دانیشتنماندا مەبەستی هاتنەکەیان بۆ باسکردم، یەکەم بەڕاستم نەزانی ئەو دووانەو نەریمان بۆ ئەو کارە لەبەغدا بهێڵرێنەوە، لەبەرئەوەی کادیری دیارو چالاکبوون، دووەم بەوهاتنەیان بۆ ئەو ناوچە زۆرم پێناخۆشبوو چونکە ئەمزانی کە لەناو شۆڕشدا لەکەسانی سەر بەڕژێم بەدەر نییە، بەداخەوە دوادیدارمان بوو، ئەو پۆلە گەنجە درێژەیان بەخوێندن لەلایەک و دڵسۆزانەش کەوتبوونە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان.

لەو کاتەی ئەوان لەبەغدا بوون بەئەرکێکی شۆڕش لەچۆمانەوە نێردرامەوە بۆ بەغدا، لەو رۆژانەی لەبەغدا بووم، بەڕێکەوت کەسێکم بینی کە پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە بەیەکەوە خەباتمان ئەکرد، شوێن و جێگایانی ئەزانی و وامان بڕیاردا سەردانیان بکەین بەبێ ئەوەی ئەو بڕیارە ئەنجام بدەم گەڕامەوە بۆچۆمان، مخابن لەدوای چەند مانگ کارکردنیان بەهۆی چاودێری وردی دەزگاکانی ڕژێم و پوازەوە ئاشکرابوون و کەوتنە بەر شاڵاوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و هەر پێنجیان دەستگیرکردن، دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر و لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵیاندا درانە دادگای تاوان و بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر هەر پێنجیاندا سەپاندو بەبێ ڕاوەستان بۆ چاوترساندن لەماوەیەکی کەمدا بڕیارەکەیان جێبەجێکرد و کۆتاییان بەژیانیان هێنا.

ئەو رۆژگارە نەوشیروان فوئاد مەبەستی برای نەریمان بەپلەیەکی باڵای سەربازی لەناو سوپای عیراقدا بوو، پێش لەسێدارەدانیان تەنها کەس بوو لەکەسوکاری ئەو پێنج شەهیدە بتوانێت سەردانیان بکات و چاوی پێیان بکەوێت و بەدیداریان شاد بێت، نەوشیروان دوای لەسێدارەدانیان هاتەدەرەوە بۆ ناو شۆڕش و هاتنەکەشی بۆ ناوچەی قەرەداغ بوو، لەوکاتەدا بەندە لەناوچەکە بوو، لەقەرەداغ چووبووە ماڵێک و داوای کردبوو سەردانی بکەم و بمبینێ وەکو هاوڕێیەکی نەریمانی برای و ئازادو جەوادی شەهید. لەگەڵ هەواڵەکەیان پێڕاگەیاندم یەکسەرخۆم گەیاندە لای. لەدانیشتنێکی خەماوی پڕ لەحەسرەتداو بەدڵی پڕ لەگریانەوە کەوتە باسکردنی چۆنیەتی گرتنەکەیان و گێڕانەوەی چیرۆکی لەسێدارەدانیان و لەو دانیشتنەماندا بۆی گێڕامەوەو وتی: ڕۆژی لەسێدارەدانیان کە رۆژی ١٢ - ٥ - ١٩٧٥ بووە پێش نیوەڕۆی ڕۆژەکە توانیم سەردانیان بکەم و دوا دیداریان لەگەڵدا بکەم. کاتێک چوومە لایان هەر پێنجیان بەکۆت و بەندی کەلەپچەی مەرگەوە بوون. وتی: ئەوەندەی لەبەرامبەریان مامەوە دەمبینین هەر پێنجیان زۆر بێباکانەو جوامێرانە قسەیان لەگەڵدا ئەکردم و بەپێکەنینەوە قسەیان ئەکردو خەم و ترس و نائومێدی ودڵەڕاوکێ و پەشیمانی بەڕووخسارو قسەکردن وهەڵسوکەوتیانەوە دیار نەبوو دڵخۆشی منیان ئەدایەوە، پێیان ئەوتم خەم لەئێمە مەخۆ ڕێگایەکە خۆمان هەڵمان بژاردووە لەسەر دزی و پیاو خراپی لەناومان نابەن ئێمە لەسەر مافی رەوای گەلەکەمان ئەم جەلادانە دەمانکەنە قوربانی. پێشمەرگە لەکوردستان لەپێناوی گەل و نیشتماندا شەهید دەکرێن، ئێمەش هەر لەو پێناوەدا لەسێدارەمان ئەدەن جیاوازی ئێمەو پێشمەرگە چییە هەر یەکەو بەشێوازێک گیانمان دەبەخشین. پێیان دەوتم ئێمە چەند کاتژمێرێکمان لەژیاندا ماوە.

چۆن پێشمەرگە بەگولەی سەربازانی بەعس و جاشە خۆفرۆشەکان شەهید دەکرێن ئێمە بەپەتی سێدارەی بەعسییەکان لەناومان دەبەن.

دەیان وت ئێمە بێباکین کە دوای چەند کاتژمێرێکی تر سەربەرزانە سەرمان لەبەرزی و پێڵاوەکانمان لەسەرسەری دوژمنمان دەبێت و دواتفی نەفرەت لەبەعسییەکان و دوژمنانی گەلەکەمان ئەکەین و بەگیان و ژیانمان بۆ بەعس و دوژمنەکان ئەیسەلمێنین بەقوربانیدانمان کاروانی خەباتمان ڕاناوەستێ و تا دوژمنەکانمان نامەردانەتر ڕەفتارمان لەگەڵدا بکەن ئاسۆی سەرکەوتنی گەلەکەمان نزیکتر دەبێتەوە. کاروانی خەباتی نەتەوەیەکە بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی بێگومان کاروانێکی وا بەهەزاران خوێنی ئێمەمانانی دەوێت. وتی: لەگەڵ قسەکانیاندا کە بۆچرکەیەکیش خەندەو پێکەنین لەسەر لێوەکانیان نەدەبڕا.

وتی: ڕێگایاندام ماوەیەکی باش لەبەرامبەریان ڕاوەستم و بەچاوی حەسرەت و ئازارەوە لەیەکە یەکەیان بڕوانم و گوێ بۆ قسەکانیان و بێباکیان شل بکەم و چاو بەڕووخساری گەشیاندا بگێڕم. تا دواچرکە بەدڵی پڕو پەژارەیەکی بێ ئەندازەوە بەناچاری ڕوویان لێوەربگێڕم و چاوم لەچاوەکانی برا جوان و شۆخ و خوێنگەرم لاوەکەم و نەبەزەکەم و ئەو چوار گەنجە جوامێرەی گەلەکەمان ئاوا بێت. کە دڵنیابووم دوای چەند کاتژمێرێکیتر بەبێ تاوان ملیان بەسێدارە دەکرێ و نامەردانە کۆتایی بەژیانیان دەهێنرێت و ئەو ڕژێمە فاشیە ئەو پێنج ڕۆڵە تێکۆشەرەی نەتەوەکەمان لەخۆشەویستی خاک دەکات. وتی جێم هێڵان بەڵام چۆن؟...مەگەرهەرخۆم بزانم چۆن هەنگاوم ئەنا و ڕێگام ئەکرد.

وتی بەڵێ جەلادەکان شەوی ١٢ و ١٣ - ٥ - ١٩٧٤ بڕیاری دادگای تاوانبارییەکەیان جێبەجێکردو بەشەهادەی شەهیدانیان پەرەوازکردن و مۆمی گەشی تەمەنیان بەڕقی تاوانیان کوژاندەوە. وتی دوای دوو ڕۆژ ڕێگایان پێدام کە بچم تەرمی نەریمانی برام و حەسەن فەتاح وەربگرمەوە.. وەرمگرتنەوەو هێنامنەوە بۆ سلێمانی و دوای بەخاکسپاردنیان و تەواوبوونی پرسەکەیان. منیش بڕیارمدا کە چیتر لەناو سوپای ئەو ڕژێمەدا نەمێنمەوەو بێمەوە ریزی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و چیتر خزمەتی ڕژێمی دژ بەگەل و نیشتمانەکەمان نەکەم. بەڵێ نەوشیروان بووەوە بەپێشمەرگە.

لەیلا قاسم یەکەم کچە کوردی عاشق و شۆڕشگێڕو بزێو و نەترس بوو کە لەپێناوی عەشقی گەل و نیشتیمان بچێتە بەرپەتی سێدارەو گەردنی عەشق و نەبەزێنی بەسێدارەدا بکرێت ڕۆحی پاکی ئەو پێنج شەهیدەی گەلەکەمان کۆمەڵێ ئەستێرەی کۆئاسان تائێستا بەئاسمانی تاوانی عەرەبە بەعسییەکان و سامانی پرسەروەری و کوردستان لەگەڵ ڕۆحی ئەختەرو دایکە ئامینەو مامۆستا سنەوبەرو پورەگوڵەو پاکیزەکانی جینۆسایدو تاریکپەرستانی داعش دادەسوڕێنەوە.

دوای (٤٢) ساڵ بەسەر شەهید کردنی ئەو پۆلە شەهیدەی هاوڕێمدا وەکو وەفایەک بۆ بەرزڕاگرتنیان بەپێویستم زانی ئەم چەند دێڕەیان لەسەربنووسم. وەکو بزانم لەماوەی (٤٢) ساڵی شەهیدکردنیان و لەماوەی (٢٤) ساڵ حوکمڕانیدا هیچیان بۆ نەکردوون . بۆمێژوو دەڵێم تاکە کارێک بۆ رێزلێنانیان کرابێ لەساڵانی خەباتی نهێنی ناوشارەکان و لەسنوری رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کەرتێکی ڕێکخستنی تایبەت بەژنان بەناوی کەرتی شەهید لەیلاوەوە بوو کە لەو کەرتەدا چەندین ژن و کچی خەباتگێڕ بەدەیان تێکۆشەری تریان بۆ ریزەکانی ڕێکخستن پەروەردە کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی **pukmedia** - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## سڵاو لە گیانی پاکت لەیلا قاسم



**ئێڤار ئیبراهیم**

ئەمرۆ ئێمە یادی تێپەڕبونی ٣٩ ساڵەی شەهیدکردنی تێکۆشەر وخەباتگێڕی قارەمان لەیلا قاسم دەکەینەوە لەو رۆژەدا ئەوە بە بیری هەموو جیهان دەهێنمەوە کە تا ئەمڕۆش ئافرەتان لە جیهاندا روبەڕوی توندوتیژی خراپ دەبنەوە، ئەوەتا ژنان و کچانی ئێزیدی لە ناوچەی شەنگال لەلایەن گروپی تیرۆریستی داعشەوە رفێنران و دواتر بە کۆیلە کران و لە بازاڕدا ژمارەیەکیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا.

لەیلا قاسم و هاوخەباتەکانی و هاوڕابوون لە پرسەکاندا لەپێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەیاندا. ئەوینی خۆیان تێکەڵ بە ئەوینی نیشتمانەکەیان کردبوو، ئیسپاتی کرد کە ژنی کورد وەک ژنانی جیهان هیچ جیاوازیەکی نیە و ئەوەتا شانبەشانی پیاوان بۆ ئازادی نەتەوەی و خاک و نیشتمان خەباتی کرد و پاشان لەو پێناوەدا گیانی پاکی پێشکەش بە نیشتمان کرد و لە سێدارە درا. ئەو ژنە تێکۆشەرە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی سەلماندیشی کە ژنانی کورد شانبەشانی پیاوان دەتوانن خەباتی نەبڕاوە درێژە پێ بدەن و تێبکۆشن بۆ ئازادی خاک وگەلەکەیان بەڕێوەببەن، سەرباری ئەو هەموو فشار و نکوڵیانەی کە رژێمی فاشستی بەعس بەرامبەر بە کورد ئەوان کردوە و سوربوون لەسەر بەدەستهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەکەیان لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت ئەوە بە بیری مرۆڤایەتیش بێنینەوە کە ئەوە خوشکەکانی لەیلان دوای لەیلا لە بەشێکی وڵات ژنان و کچانی شەڕڤان لە بەرەکانی جەنگدان بەرامبەر بە درندەترین و خوێنرێژترین تیرۆری جیهانی داعش بوەستنەوە، رۆژئاوای کوردستان و شاری کۆبانێ کە ئەمرۆ بۆتە رەمزی و سیمبولی مقاوەماتی ئازادی دژ بە بیرە

تاریکەکانی سەدەکانی ناوەراست کە ژنی کورد ئافرەتی کورد تیایدا بەئازایەتی و چاونەترسیان، سەلمانیان کە ژنان، هیچیان لەپیاوان کەمتر نیە، ئەوان بەمەردایەتی قارەمانیەتیان پێناسیەکی تازەیان بەبەر ئافرەت کردەوە.

هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسم لە سەرتاپای وڵات هەمووانی تاساند، راستە لەیلا لە سێدارە درا بەڵام دوای لەیلا دەیان و سەدان لەیلا لە دایک بون. لێرەوە داوا لە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە دەکەم لە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندندا شوێنێکی تایبەت بە ژیان و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی لەیلا و هاورێکانی جێبکاتەوە، بۆ ئەوەی نەوەکانی دوای لەیلا بە لەیلا و هاوخەباتەکانی ئاشنا بن.

ئەگەر سەرنج بدەین لەیلا هێندە نیشتمانی پەروەر و بە ئیرادەبوو لە کاتی روبەروبونەوەی پرسیارەکانی بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ئەوکاتی بەعسدا ووتی: "بە کوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیار دەبنەوە، زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای رێی رزگاری کوردستاندا دەکەم." لە کۆتایدا سەری رێز نەوازش بۆ لەیلا و هاورێکانی و هەروەها ژنان و کچانی ئێزیدی و کچانی شەرڤان لە رۆژئاوای وڵات. بۆ هەموو ئەو ژنانەش تا ئەمرۆ لەخەبات بەردەوامن دادەنەوێنێم

تێ بی نی: بەهۆی ئەوەی کە من لە رۆژی ١٢ی ٥ کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی لە سێدارەدانی شەهیدلەیلا قاسم وەکو شاندی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنفرانسی لوتکەی ئەستەنبوڵ بووم، نەمتوانی لەو رۆژەدا ئەو وتارە بنوسم بۆیە داوای لێبوردن دەکەم و ئەمرۆشم بە پێویستم زانی.

**فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**

**رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥**

## پاداشت بۆ قوربانیدانی لەیلا قاسم سەربەخۆییە



د.ڤیان سلێمان

کوردستان، ئەو ناوەی لەگەڵ باسکردنیدا، شۆڕش و قوربانیدان، خۆڕاگری و گیانفیدایی، کەوتن و هەستانەوە، مانەوە و بەردەوامی، چەپەڵی دەستی داگیرکاران و دواکەوتوویی وڵاتانی ناوچەکەو خەمساردی و بەدەنگەوەنەهاتنی وڵاتە زلهێزەکان لە ئاستیدا دێنێتەوە یاد، ئەگەر قوربانیدان پێوەر با بۆ بوون بە دەوڵەت، ئەوا دەبوایە کوردستان یەکێک با لە دەوڵەتە لەمێژینەکانی جیهان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەوڵەمەندترین بزاڤێکی ڕزگاریخوازیە لە مێژوودا، بە شۆڕش و بەرخودانی، بە شەهیدەکانی، بە نمونەی بەرزی قوربانیدانی ڕۆڵەکانی.

ئەمرۆ یادی تێکۆشەرێکە، کە بۆ ئازادی نەتەوەی کورد قارەمانیەکی بێوێنەی نواند، یادی ئافرەتێکە، کە توانی دڵی داگیرکەر بلەرزێنێ؛ توانی داوی نەریتی باو بپسێنێ و ئەو شێوە ژیانەی ڕەت بکاتەوە، کە کۆمەڵگە بۆ ئافرەتی دەویست، بەڵکو بوو بە فاکتەری جۆشدانەوەی هزری نەتەوەخوازی و گڕکانی خەباتی ئازادیخوازی و یەکێک لە سیمبولەکانی شۆڕشی کورد و هێمای بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ئەمرۆ یادی شەهید کردنی کچە تێکۆشەری کورد لەیلا قاسمە.

ژیان و تێکۆشانی لەیلا قاسم یەکێکە لەو ڕووداوانەی، کە مێژووی قوربانیدانی هەر نەتەوەیەک دەوڵەمەند و شکۆدار دەکات، لەیلا قاسم ئەو مرۆڤە ئازادیخوازەی، کە دوژمن خۆی لاواز بینی لە بەرامبەر دەنگ و هەڵوێستی، داگیرکەر بە هەموو هێز و توانایەکیەوە، بە هەموو هونەرێکی دڕندەیی، نەیتوانی دەنگی ئازادی کپ بکات، لەیلا قاسم تێکۆشانی کردە

ڕێڕەوی ژیانی و تا کۆتایی تەمەن پەیوەست بوو بە ئامانجەکەی، ئازایانە گیانی بەخشی و سازشی لە بیروباوەڕی کوردانەی نەکرد و لەسەر دۆزی گەلەکەی لە سێدارە درا، بە جەلادەکانی وت من بەشێکم لە شۆرشی گەلەکەم و بە شەرەفەوە بەرەو پەتی سێدارە دەچم و دەبێ گەلەکەم لێم ببورێ نەک نەیارانی گەلەکەم ".

بۆیە لای ئێمەی کوردستانی هێمایەکە بۆ شۆڕش و ڕەمزێکە بۆ ئازایەتی و مانایە بۆ خۆنەویستی و بەخشندەیی و ئەویندارێکی هەتا هەتایی خاکی نیشتیمانە و لە کاتی لاوازیماندا هێزە و پشتیوانیمان دەکات و هاندەرە بۆ سەرکەوتنمان، هەمیشە یادی ئەم بەخشینە گەورە دەکەینەوەو شانازی بە ئازایەتی و گەورەیی ئەم تێکۆشەرە دەکەین و تێکۆشانەکەی دەکەین بە ڕێنوێنیکارمان بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی مەدەنیانەمان بۆ هاتنە کایەی دەولەتی کوردستان کە بونیات بنرێت لەسەر بنەمای یەکسانی لە دەرفەت و دەسکەوت بۆ ئافرەت و پیاو.

ئەمرۆ لە کاتێکدا کە یادی لەیلا قاسم دەکەینەوە، کوردستان لە سەروبەندی ئەنجام دانی پرۆسەی ریفراندۆمدایە بۆ سەربەخۆیی، بۆ ئارامی گیانی لەیلا قاسم و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوزای گەلی کوردستان، بۆ ڕێز لێنان لە قوربانیدانیان، بۆ ئەوەی پاداشتیان بکەین کە تاکە پاداشتیش بۆ شەهیدان سەربەخۆیی کوردستانە، پێویستە هەموو کێشە و گرفتە کاتیەکان لە بیر بکەین و بە ورەی بەرزەوە بەرەو پەیامی سەرۆک و ڕێبەری نەتەوەکەمان سەرۆک بارزانی، کە زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی کردووەو بە هەوڵ و کۆشش و دونیابینیەکی دانایانە بە لێهاتویی سەرکردایەتی و دیبلۆماسیەتیەکی سەرکەوتوو کوردستانی گەیاندووە بە دەروازەی سەربەخۆبوویی بڕۆین، بۆ ئەوەی خەونی شەهیدان بێتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٧

# لەیلا قاسم



ئاریان فەرەج

بێ هەژمارن ئەوانەی لە کاروانی خەباتی پارتی و کوردایەتیدا، گیانیان بەخت کرد، هەموان نەمر و زیندووی نێو دڵی میللەتن، بەڵام شەهید لەیلا قاسم مەلەکشاهیی فەیلی، بوو بە سیمبولێک کە یادکردنەوەی وەک ئەوەیە کۆی شەهیدانی پارتی و کوردایەتی پێکەوە یادبکرێنەوە.

لەیلای کچە کوردی فەیلیی گەرمەسێر، هەموو مەزڵومیەتی نەتەوەی کوردی تێدا کۆببۆوە، گەرمیانییەکی خاک تەعریبکراوی بەردەم رەشەبای تەرحیل، هەژار و خێرلەخۆ نەدیو، شیعە مەزهەبێکی چەوساوەی دەستی جیاکاریی مەزهەبی، خونچەیەکی هەڵوەریوی بەهاری تەمەن.

حیقد و دڵرەشیی و شێوازی پڕ قەساوەتی ئەشکەنجەدان و دواتر لەسێدارەدانی دڕندانەی، گوزارشت بوو لەوەی لەیلا لە چاوی دوژمنانی کورددا، هەموو خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کوردەی تێدابوو کە بەعسییەکان بە کوشتنی دەیانویست هەموو کورد بکوژن. لە چاوی شۆڤینیزمەکاندا لەیلا وەک ناسنامەی نەتەوەیی و وەک ناسنامەی مەزهەبی و وەک هەواداری سەرسەختی رێبازی بارزانی، تۆمەتبار و شایستەی مەرگ بوو، بۆیە لە ئەشکەنجەدان و کوشتنیدا نەک هەر سڵیان لە ژنێتی و گەنجێتیی نەکردەوە و بەزەییان نەجوڵا، بەڵکو بە کوشتنی بێ رەحمانەی، ئاویان بە ئاگری دەرونی رەش و نەخۆشیاندا کرد.

لەیلا تەنیا رەمزی ژنێکی کوردی فیداکار نییە، رەمزی تێکۆشەرێکی پڕ باوەڕ و خۆڕاگر بەرامبەر ئەشکەنجەی وەحشییکەری، رەمزی کادر و ئەندامی سەرسەخت و دڵسۆزی پارتی و رێبازی بارزانی، رەمزی کچە فەیلییەکە کە هەموو ئازارەکانی کوردبوون و فەیلی بوون و پارتی بوونی لەخۆیدا کۆکردبۆوە.

لەیلا دەیخواست خۆش بژی، زانکۆ تەواوکات و لەگەڵ دەستگیرانەکەی ماڵۆچکەی شادی پێکەوە بنێن، دەیویست دایک بێت، دەیویست تەمەن بگوزەرێنێ و تام لە ژیان بکات، بەڵام بۆ کچی میللەتێکی بندەست و مەزڵوم، بۆ کچێک نیشتمانەکەی خۆی لە ژیان خۆشنر بوێت، ئەم ئاواتانە ئەستەم بوون،

لەیلا کە لە دوایین دیداری کەسوکارەکەیدا، داوای بەرگی بوکێنی کرد و ووتی: دەمەوێت بە جوانترین روخسار و جلۆبەرگمەوە، باوەش بە خاکی نیشتمانەکەمدا بکەم، ئەو پەیامەی گەیاندە هەموومان کە نەتەوەی داگیرکراو، تا نەگات بە ئازادی و سەربەخۆیی، تامی ژیان و خۆشییەکانی ناچێژێ.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٩

# دوایین ڕۆژەکانی لەیلا قاسم



سالح فرات

لە تورکیەوە: مەسعوود مەناف

"لەیلا و هەڤاڵانی دەیانەویست شۆڕشی کورد لە شارەکانەوە بۆ دەشت و کێوەکانی کوردستان بگوازنەوە".

خوشکی لەیلا قاسم، باس لە ئیعدامی لەیلا و چوار کەس لە هەڤاڵانی بە بیانوویی "هەوڵدان بۆ کوشتنی سەددام حوسێن" دەکات. "سەبیحە قاسم" دەڵێ: لەیلا، بەر لەوەی ئیعدام بکرێت، ئەمانەی بە دایکی گووتبوو: دوایی ئەوەی وتم کە لە پێناو کورد و کوردستان دا و ئەم شۆڕشەی کە دەستمان پێکردووە، بە خۆشحاڵی و شەڕەفەوە بەرەو پیری سێدارە دەچم، تازە زانیم کە ئەو سەدامە بە هەیبەتەی کە باسی دەکەن چەندە هیچ و داماوە. دایە بە شەهیدبوونی ئێمە هەزاران ڕۆڵەی کورد رادەبێ و ئالایی سەرهەڵدانەکەمان دەشەکێننەوە. کە مردم پەرۆشی منتان نەبێ، با لە پرچم، ئاڵا درووست بکەن.

## بوو بە سەمبۆلی بەرخۆدانی ژنانی کورد

بوو بە سەمبۆلی بەرخۆدانی ژنانی کورد. لە چوارپارچەی کوردستان، ناوی هەزاران مناڵی تازەلەدایکبوویی کوردیان "لەیلا" نا. چاوەکانی قاوەیی و پرچی درێژ بوو. بەکار و وریا و هەڵسووڕ بوو. هەڤاڵانی بەردەوام لاساییان دەکردەوە کاتێک "نانی ویشکی بە چایی دەخوارد".

لەیلا قاسم، لە خانەقینی سەر بە کەرکووک و لە ساڵی ١٩٥٢ دا لەدایکبوو. بەم هۆیە کە نیوەشەو هاتە دنیا، باوکی ناوی "لەیلا" کە بە عەرەبی مانایی "شەو" دەداتی لە سەر کچە بچکۆلانەکەی نا. دووهەمین منداڵی بنەماڵە بوو و لە قووتابخانە، لە ریزی قووتابیانی هەرە ژیر بوو. لە تەمەنی گەنجی دا هۆگری سیاسەت و بزووتنەوەی کورد بوو.

دوابەدوایی دەسپێکی پرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردستان و لەوانە خانەقین و کەرکووک لە لایەن رەژیمی بەعسەوە، لەیلا و بنەماڵەکەی بەناچار کۆچیان کرد بۆ بەغدا و لەوێ لەیلا لە کۆلێژی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا وەرگیرا و هەر لە زانکۆ ئاشنایەتی لەگەڵ گەنجانی کورد و چالاکانی بزووتنەوەی کورد پەیداکرد. ئەو گەنجانەی کە سەنگەری خەباتیان بۆ پێتەختی وڵات، واتە بەغدا گواستبۆوە و هەر بۆیەش بوونە ئامانجی هێرش و راونانەکانی حکومەتی سەددام.

لە ٢٩ی نیسانی ١٩٧٤ دا لەیلا، لە لایەن ئیستخباراتی عێراقەوە لە ماڵەکەی خۆ دەزگیر و رەوانەی ژوورە تەنگ و تاریکەکانی شکنجەگایی بەعث کرا. بردرایە "ئەبو غورەیب" و لەوێ شکەنجەگەرێک بە توورەیی لێی نیزێک دەبێتەوە و پێی دەڵێ: ئەوە لەیلایەی سەددامی تورە کردووە تۆی؟ لەیلا بە دانانەوەی بۆمب لە سینەمایەک و هەوڵدان بۆ کوشتنی سەددام حوسێن پاش گەڕانەوەی لە سەفەری میسر تاوانبار کرا. ئیدعا کرا کە بە هۆیی دوو سەعات دواکەوتنی گەڕانەوەی سەددام، پلانەکە ئاشکرا دەبێت و لەیلا و هەڤاڵانی دەگیرێن.

## ئەو ساتەی سەددام توورە دەبێ

دوایی چەند رۆژ، بنەماڵەیی لەیلا ئاگادار کرانەوە کە کچەکەیان ئیعدام دەکرێ. دایکی لەیلا بە بیانوویی دیتنی گیراوێک بە ناوی "فەرهاد" سەردانی ئەبوو غورەیب دەکات. دایکی لەیلا لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و جگەرگۆشە دەربەندەکەی دەبینێ. سەبیحە، خوشکی لەیلا، بەم شێوە دیداری خوشکی و دایکی لە زیندان دا دەگێرێتەوە:

"دایکە جوانەکەم، نیگەران مەبە! من کەسێکی ناو شۆرشەکەم ئیتر، بۆ گەلی کورد و کوردستان دەجەنگم ئێستا. دوێنێ سەددام و گرووپێکی تر لە دەست و پێوەندەکانی هاتنە ئێرە. وایان دەزانی کە دەتوانن فریوم بدات و وازم پێ لە بیروبرواکانم بێنێ. تەنانەت بۆ ئەوەی واز لە خەبات بهێنم پێشنیاری یارمەتی ماڵیشی پێکردم! بەڵێنی رەخساندنی دەرفەتی خوێندن لە هەر شوێنێک کە بخوازمی پێدام. بەڵام من پێم وت: من بەو ئەندازە شەرەفم هەیە کە خەیانەت بە خەڵکەکەم نەکەم و هاوخەباتەکانم بفرۆشم. پێم وت کە من خۆم خستۆتە پێناو بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان و بە خۆشحاڵی و شەرەفەوە بەرەو پیری سێدارە دەچم. کاتێک دیتم بە بیستنی وەڵامەکەم، ئەو سەددامە بە هەیبەتە چۆن

تێکچوو و تووڕە بوو، تازە زانیم کە چەندە هیچ و داماوە. دایە بە مردنی ئێمە هەزاران مرۆڤی کورد لە خەو ڕادەپەڕێ و ئالآی ئازادی دەگرێتە دەست. کە مردم کە پرچم ئالآ درووست بکەن".

نەک هەر بە تەنیا لە باشوور، بەڵکوو لە هەموو کوردستان، لەیلا قاسم بوو بە یەکێک لە سەمبۆلەکانی بزووتنەوەی مۆدێرنی کورد. بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ، ڕەژیمی بەعس، لەیلایی بە شکەنجە کراوی هێنایە سەر تەلەڤزیۆن. لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ رۆژ دا لەیلا و چوار کەس لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی جەواد هەمەوەندی، نەریمان فواد مەستی، حەسەن حەمە ڕەشید، ئازاد سلێمان و جەواد هەمەوەندی لەسێدارە دران و لەشاری نەجەف بەخاک سپێردرا.

خوشکی لەیلا دەڵێ: هەر لە تەمەنی گەنجێتی دا باوکم زۆر جار هۆشداری بە لەیلا دەدا کە واز لە خەبات بهێنی تا گیانی لە دەست نەدا و لەیلا دەیکووت کە "ئەگەر بڕیار بێ، گیانم لێ بستێنن‌درێ، مەرگی لەیلا، مەرگێکی ئاسایی نابێت". بنەماڵەی لەیلا دوایی لەسێدارەدرانی کچەکەیان بۆ شوێنێکی تر دوورخرانەوە و بە هەفتە و بە مانگ ماڵەکەیان و هەڵسووکەوتیان لە ژێر چاوەدێری ئیستخبارات و عەسکەر دابوو.

## لەیلا لە کتێبەکان ناگونجێ

"فایزە حوسێن" کە هەر ئێستا مامۆستایی زانکۆی سەلاحەدینە، هاوڕێی تەمەنی مناڵی لەیلا قاسم بووە دەڵێ: لە پۆلی دووهەمی سەرەتایی بوو کە لەیلام ناسی. چاوەکانی قاوەیی بوون و قژی درێژ و جوان بوو. چالاک و دەرسخوێن و ژیر بوو. نووسینی چەند کتێب بەس نیە بۆ ناساندنی!

ناوبراو دەڵێ: ئەو کات بە هۆیی ئەوە کە بزووتنەوەی کورد لە دەرەوەی ولآت چالاکتر بوو و ولآتانی دراوسێ و ولآتانی تری جیهان هاوپەیمانی سەددام بوون، نەکرا کە دۆسیەیی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤاڵانی بە بەڵگەی پێویستەوە بهێنرێتە رۆژەڤی جیهان و ئەو کات دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا کە وەک کەیسی حەلەبچە و ئەنفاڵ مانۆر لە سەر کوژرانی لەیلا بدرێ. دنیا لە هەمبەر ئەم ئیعدامانە دا بێدەنگ مایەوە.

نووسەر "ئەهلی مەنسوور"یش کە یەکێکی تر لە هەڤاڵانی تەمەنی منداڵی لەیلا قاسم بووە باس لە بیرەوەریەکانی مناڵی دەکات و هەڵسووڕی لەیلا و جیاواز بوونی! ناوبراو هەر وەها دەڵێ کە "لەیلا بەردەوام ناونی ویشکی دە چایەکە هەڵدەکێشا و ئێمەش هەموو لاساییمان دەکردەوە. مەنسوور دەڵێ تەنیا من و لەیلا لە ناو 18 کەس لە هاوپۆلەکانمان

توانیمان لە ئەزموونی تاقیکردنەوەی زانکۆ دەربچین و بچینە زانکۆی بەغدا.

### لەیلا و هەڤاڵانی ویستیان شۆڕش لە شارەوە بۆ ئاواییەکان بگوازنەوە

ئەهلی مەنسوور، باس لەوەش دەکات کە پاش لەسێدارەدانی لەیلا و هەڤاڵانی و زێدەبوونی زەخت و گووشارەکانی ڕەژێمی بەعس، گەنجەکانی زانکۆ و چالاکانی کورد لە بەغدا و شارەکانی تر، تەڤلی هێزی پێشمەرگە بوون و خەباتیان لە شارەوە بۆ دەشت و چیاکانی کوردستان گوازتەوە. هەر بۆیەش لەسێدارە درانی لەیلا و هاوڕێیانی دەرگایەکی تری خەباتی بە ڕوویی کوردان کردەوە.

فایزە حوسێنش دەڵێ: لە ساڵەکانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧، کۆمەڵێک لە چالاکانی سەر بە لایەنە ئیدئۆلۆژیکە جیاوازەکان گرووپێکیان بە ناوی "هەڵۆ سوورەکان" پێکهێنا و سەرکردە باڵاکانی ڕەژێمی بەعسیان کردە ئامانج. یەکەم کەسی کە بە دەست ئەم گرووپە کوژرا "عوسمان فایق" بەرپرسی کاروباری مێدیایی دەوڵەت بوو.

بە گوێرەی ناوبراو، ئامانجی لەیلا قاسم و گرووپە شۆڕشگێڕەکانی بەغدا ئەمە بوو: بڵاوکردنەوە و گواستنەوەی خەبات لە شارەکانەوە بۆ ئاواییەکان بوو. بەم هۆیە کە چینی کرێکار کە بە بڕوایی ئەوان دەکرا ببێتە ئاڵاهەڵگری خەبات، لە شارەکان خەریک بوو سەری هەڵدەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ANF - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١١

# ڕۆحی بەرگری و هۆشیاری نەتەوەیی ئافرەتی كورد، لە نموونەی (لەیلا قاسم)دا



د.ڤیان سلێمان

نەتەوەی كورد بە گشتی و لە باشوری كوردستان بە تایبەتی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین جۆری چەوسانەوە و كۆمەڵكوژی بۆتەوە. هەموو ڕێگایەكی نابەجێ بەكارهێنراوە بۆ سڕینەوەی فەرهەنگەكەی، بەڵام كورد لە بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵە دوژمنكاریانە خۆی ڕاگرت و هەم پارێزگاری لە فەرهەنگی خۆی كردووە، هەم پارێزگاری لە شوناس و جوگرافیاكەی كردووە. بزاڤە ڕزگاریخوازیەكەشی بزاڤێكی لێوانلێوە لە سەروەری و قوربانیدان.

كەم وێنەیە لە خۆبەدوورگرتنی لە هەموو كردەیەكی دوژمنكارانە و تۆڵەسەندنەوە و تیرۆر، لە نەبوونە مەترسی و هەڕەشە و تێكدان بۆ ژیان و ئاسایشی هیچ نەتەوەیەكی تر. بێوێنەیە لە زۆری دوژمنەكانی و بەكارهێنانی هەموو ڕێگایەك بۆ لەناوبردنی و لە بەرامبەردا مانەوە و بەردەوامبوونی. هۆكاری سەرەكی مانەوەی كورد و بەردەوامی بزاڤە ئازادیخوازەكەی بۆ دوو فاكتەری سەرەكی دەگەڕێتەوە، كە ئەویش ڕۆحی بەرەنگاری و هۆشیاری نەتەوەییە لای تاكی كورد.

هەستی نەتەوەیی و پابەندی و خۆشەویستی بۆ نەتەوە هەستێكی خۆڕسكی مرۆڤە بەرامبەر نەتەوەكەی. ئەم هەستە كاتێك نما دەكات و لە عەقڵ و فیكرەوە سەرچاوە دەگرێت كە هەستی بەرپرسیاریەتی تێیدا گەشە دەكات و دەبێت بە هۆشیاری نەتەوەیی. لەوكاتەدا پابەندی مرۆڤ بۆ نەتەوەكەی لە ئاستێكی سەرەتاییدا نامێنێتەوە، بەڵكو دەگاتە ئاستی باڵا كە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە قوربانیدان بە هەموو شتێك لە پێناو سەرخستنی بزاڤە ڕەواكەی. ئەمەش ئەركی هەموو

تاکەکانی نەتەوەیە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر هەر بنەمایەکی چین و ئاست و توێژ یاخود ڕەگەز.

ئافرەتی کورد بەدرێژایی مێژوو لە کاتێکدا وەک تاکێکی نەتەوەکەی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەربووە لەهەمان کاتدا ستەمی کۆمەڵایەتیشی لەسەربووە، ئەم چەوسانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نەیانتوانیوە ئافرەتی کورد دورەپەرێز بکەن لەخەبات بۆ رزگاری نەتەوە و خەبات بۆچەسپاندنی یەکسانیی رەگەزی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و گیانی بەرەنگاریی ئافرەتی کورد کە لە چەندین فۆرم و لە چەندین نمونەدا خۆی بەرجەستە دەکات.

لێرەدا تیشک دەخەمە سەر رۆحی بەرەنگاری و هۆشیاری نەتەوەیی ئافرەتی کورد لە نمونەی یەکێک لە ئایکۆنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و تێکۆشەرێک لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە شەهید (لەیلا قاسم)ە، ئەو کچە کوردەی کە لە پێناو رزگاری نەتەوەکەی دا سەرەڕای ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بەوپەڕی هەستکردن بە گیانی بەرپرسیاریەتی بە تێکۆشان و چالاکی سیاسی بەشداریی کارای بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی دەکات و لە بەردەم یەکێک لە ستەمکارترین دەسەڵاتەکانی ئەو کاتدا دەوەستێتەوە و بێ گوێدانە زۆرداری ڕژێمی دەسەڵاتدار، ئازا و ئازاد، ئازا لە ئیرادە و بڕیار، ئازاد لە کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و پێوەری ڕەگەزی، لەناو جەرگەی دەسەڵاتی ڕژێمدا چالاکی سیاسی دەکات و دوای دەستگیرکردنیشی زیندان و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی زۆر، نەیانتوانیوە توانا و ئیرادەی بڕیاردانی بشکێنن و سازشی لە بیروباوەڕەکەی پێ بکەن.

لە نموونەی لەیلا قاسمدا ڕۆحی باڵای ئافرەتی کورد کە قوربانی بە خۆی دەدات لە پێناو ژیان و ئازادی و شوناسی نەتەوەکەیدا بەرجەستە دەبێت. لەیلا قاسم شوناسی مێینە بە چەمکەکانی هۆشیاری و ئازایەتی و تەسلیم نەبوون و بەرەنگاری دەدات و لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیدا دەچێتە ژوانی مەرگ. بە شکۆ و بە باوەڕی بەهێزەوە بە سرودی نەتەوەیی بەرەو پەتی سێدارە دەچێت و دەبێتە نموونە، نەک تەنها بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ نەتەوەکەی و پێشەنگ بۆ ئەو ئافرەتای کە پشت لە نەریتی باو و ڕوو لە ئازادی نەتەوە و ئازادی ئافرەت بەرەنگاری داگیرکەر و نۆرمی باو دەبنەوە. یادکردنەوەی لەیلا قاسم گوڕ و تین دەبەخشێت بە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو گیانی بەرەنگاری و کۆڵنەدان لەم نموونەیەدا گەشە دەکات.

هیچ ستایشێک ناتوانێت گوزارشت لە ئازایەتی لەیلا قاسم بکات و دەقێک نییە لە ئاست ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارییەتییە و هەستێک ناتوانێ هەست بەو ئازارە بکات کە چەشتوویەتی و تەنها بە وەفاداری بۆ بیر و باوەڕەکەی و

تەواو کردنی ڕێگاکەی دەتوانین پاداشتی بکەینەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بەو بزاڤەی کە زەمینەی ڕەخساند لە بـارودۆخێکی لەوجـۆرە و لەو ژیـنگە کـۆمەڵایەتییە نەریـتگەرا و ڕەگەزسـالارەدا ئافرەتێـک بەو شـێوەیە وەک چـالاک و تێکۆشـەرێکی سیاسـی دەربـکەوێ و هەڵـبکەوێ، کە شـانازییەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، ئەمەش ئەوپەڕی دیموکراسـیخوازی و پێشـکەوتوویی ئەو پـارتە و یەکسـانیخوازی و ئـازادیخوازی و مـرۆڤ سـالاری ئەو بـزاڤە ڕزگاریخوازە دەردەخات، کە (بارزانی نەمر) ڕابەری بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٩

---

## شەهید "لەیلا قاسم" سیمبوولی خەباتی پیرۆزی ئافرەتی کورد



**نەسرین حەسەن**

سەرۆک (مەسعوود بارزانی) لە بارەی (لەیلا قاسم)ـەوە دەڵێت: "لە رۆژێکدا هەواڵی شەهیدبوونی خوشکە (لەیلا) و هاوڕێیانیمان لە کوردستان پێ گەییشت، کوردستان لە ژێر درندەترین هەڵمەتی رژێمی فاشیستدا بوو، رۆژ نەبوو دەیان شەهید نەدەین، بەڵام باوەڕ بکەن، هیچ رووداوێک بە قەد رووداوی لەسێدارەدانی (لەیلا) و هاوڕێکانی تەئسیری لە (بارزانی) و قیادەی شۆڕش نەکرد، راستە بە دیمەن لە بەرچاومان نەبوون، بەڵام بە ڕاستی (لەیلا) و هاوڕێکانی بوونە نەخش لە دڵی هەموو کوردێکدا، لە دڵی هەموو ئازادیخوازێکدا، وێنەیان بوو بە نەخش، ناویان بوو بە ئاڵای سەرفرازی و بەرخودان".

رۆژێک لەناو پاسدا گفتوگۆی نێوان من و کچێکی قوتابیی زانکۆ گەرم ببوو، باسی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی زانکۆ دەکرد، باسی گرفتەکانی کچ و کوڕانی زانکۆ و وەک کچێک زۆر بابەتی هەستیاری وروژاند، تەنانەت رەخنەی لە دەسەڵات گرت کە بە دەنگ داواکاریی قوتابیانەوە نایەن، ئیتر هەرچی حەزی لێ بوو باسی کرد و منیش زۆر بە سەرنجەوە گوێم بۆ گرتبوو، جاروباریش دەکەوتمە ناو قسەکانی و دڵخۆشیم دەدایەوە، کە بە هەموو کەموکوڕییەکەوە دەبێ شانازی بەو دەستکەوتە مەزنەوە بکەین و بیپارێزین و هەوڵ بدەین هەموو بە یەکەوە کار بۆ باشترکردنی رەوشی کوردستان بکەین، لە میانی قسەکانیدا گوتی، من لە بەشەناوخۆیی (لەیلا قاسم) دەژیم ، کە گوێم لەوە بوو گوتم، ئای.... زۆر باشە، کەواتا دەزانی (لەیلا قاسم) کێ بوو، گوتی، نەخێر بە باشی  نایناسم، بۆ، کێ بوو؟

لەناو کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد کەم کەس هەیە ناوی (لەیلا قاسم)ـی نەبیستێت و یان لەگەڵ مێژووی خەباتی ئەو کچە شۆڕشگێڕە ئاشنا نەبووبێت، بۆیە زۆر جار کە گوێمان لەو ناو مەزنە دەبێت بیر لە رۆژانی سەختی کاروانی کوردایەتی دەکەینەوە کە بە شەهیدبوونی خۆیان مێژووی پڕ لە سەروەریی ئەمڕۆیان تۆمار کرد و، ئافرەتیش وەک بەشێکی گرینگ لەو کاروانە کوردایەتییە مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ گەلەکەی تۆمار کرد، کە شەهید (لەیلا قاسم) نموونەیەکی بەرزی ئەو سیمبوولە پیرۆزەیە.

(لەیلا قاسم) ناوی تەواوی (لەیلا قاسم حەسەن عەلی) لە قەزای خانەقین و لە گوندی (بانمیل) لە عەشیرەتی (وندی) سەر بە پارێزگای (دیالە) لە ساڵی ١٩٥٠ زایینی لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ چووەتە بەر خوێندن و هەر بە سروودی نیشتیمانی پەروەردە کرا و ئەو هەستە نیشتیمانپەروەرییە هەر لەو ساتەوە کاریگەرییەکی بە هێزی لە دروستبوونی کەسایەتیی ئەو دادەنێت کە رێبازی (بارزانی نەمر) هەڵبژێرێت و لەو رێبازە پیرۆزەدا درێژە بە خەباتی سیاسیی خۆی بدات.

(لەیلا قاسم) لە دوای دەرچوونی لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بە نمرەیەکی باش لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت، (لەیلا) لە نێو قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا رۆڵێکی کاریگەری لە وشیارکردنەوە و رێکخستنی قوتابیان هەبوو، بەو پێیەیش شانبەشانی قوتابییە کوردەکان خەباتێکی بەرفراوانی بەڕێوە بردووە، دژی نایەکسانیی پیاو و ئافرەت بووە، هەروەها بۆ ماوەی چوار ساڵ لە رێکخستنەکانی (پ.د.ک) کاری کردووە و یەکێک بووە لەو کەسانەی کە لەناو حیزبدا بە تەواوی پشتی پێ بەستراوە. لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە ئەندامی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بەڵام گەڕایەوە بۆ بەغدا و درێژەی بە شۆڕش و خەباتی سیاسی دا. هەر ئەو ساڵەیش لە لایەن رژێمی بەعسەوە لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەستگیر دەکرێت و بە درندانەترین شێوە سزا دەدرێت، تا ئەو کاتەی کە هەر دوو چاوی بە "حەربە" دەردەهێنن بۆ ئەوەی نهێنییەکانی حیزب ئاشکرا بکات، بەڵام لەو کارەدا سەرکەوتوو نابن و (لەیلا) زۆر بوێرانە رووبەڕوویان دەبێتەوە بێئەوەی هیچ نهێنییەک ئاشکرا بکات، پێیان دەڵێ: "کوردستان زۆر گەورەترە لە روحم و چاوم، بریا سەد چاوی ترم هەبووایە تا پێشکەشی کورد و کوردستانم بکردبایە".

هەڵوێستە مەزن و بوێرییەکەی (لەیلا قاسم) لەو ساتە سەختە سیاسییەی ئەو کاتەدا نموونەیەکی بەرزی وەفاداری بۆ نەتەوەکەمان و لە هەمان کاتدا سەلماندنی دڵسۆزیی خۆی بۆ رێبازە پیرۆزەکەی (بارزانی) بوو، لەوەی کە تەمەنی گەنجیەتی خۆی پێشکەش بە کورد و کوردستان بکات...

بەر له لەسێدارەدانی داوای جلی کوردی لە ماڵەوە دەکات بۆ ئەوەی بە جلی کوردییەوە لە سێدارە بدرێت و هەر بەو شانازییەیشەوە لە شەوی ١٢ - ١٣ / ٥ / ١٩٧٤ لە سێدارە درا و شەهید بوو و وەک خۆی بە خوشکەکەی دەڵێ: "خوشکە گیان دوای رۆژێکی تر دەبمە بووکی کوردستان و دەچمەوە ناو باوەشی کوردستان و خۆشەویستیم بۆ کوردستان سنووری نییە، بە خۆشحاڵییشەوە جەستەی خۆم پێشکەش دەکەم و داوا دەکەم ئاڵای کوردستانم بۆ بکەن بە کفن و بە ئاڵای کوردستان بمنێژن و لە بری گریان و شین، دەنگی من بگەیەننە سەرکردی لێهاتوو (مستەفا بارزانی)."

سروودی نیشتیمانی، سەرفرازیی ئاڵا، مێژووی سەرکردەکانی کورد هەموویان پێناسەی نەتەوەن، بۆیە ئێمەی کوردیش کە خاوەنی سەرمایەیەکی نەتەوەیین، دەبێ بزانین کە خاوەنی چ مێژوویەکی گەورە و پڕ لە شانازین، دەبێ نەوەی داهاتوو شارەزا بێت لە مێژووی نەتەوەکەی، ئەمەیش بەرپرسیارەتییەکی نیشتیمانییە کە هەموومان دەبێ پێوەی پابەند بین، نموونەی ئەو کچە قوتابییە و دەیان قوتابیی دیکە کە چاوی کردووەتەوە بە ئازادی کوردستان، لەوانەیە تاوانی نەبێت کە نەزانێ ئەم سەروەرییەی کە بە ئازادی قسە دەکات و بە ئازادی رەخنە دەگرێت چۆن دەستەبەر بووە، ئەگەر من و دایک و باوک و مۆستایان و هەموو ئەوکەسانەی کە بەرپرسین لەو ئەرکە، نەمانتوانیبێت ئەو ئەرکە نەتەوەییە بە باشی ئەنجام بدەین، کەواتا تاوانی ئەو قوتابییە و دەیان قوتابی تری وڵاتەکەم لە چیدایە؟ بۆیە پێویستە هەموومان لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتییەدا کەمتەرخەم نەبین و بە یادکردنەوەی بۆنە و یادەکان بە شێوازێکی شایستە، بیری نەتەوایەتی لە هزری منداڵەکانماندا بچەسپێنین..

لە کۆتاییدا دەڵێم: "بە ئارامی سەر بنێوە ئەی شەهیدە سەربەرزەکەم ، ئەمرۆ دەیان (لەیلا)ـی دیکە لە باوەشی ئافرەتی کورددا پەروەردە کراون".

سەرچاوە: کتێبی " لەیلا قاسم، تەمەنێکی بچووک و مێژوویەکی گەورە".

نووسینی: هەنەر نەوزاد

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## لەیادی نەمراندا



**جەلال دەباغ**

**هەربژی یادی:**

**جەواد موراد هەمەوەندی و لەیلا قاسم و هاوڕێکانیان**
**شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان**

رۆژێکیان لەمانگی حوزەیرانی ١٩٧٣دا، لەکاتێکدا کەلە بەغدا وەک جێگری سەرنووسەری (بیری نوێ- الفکر الجدید) کارم دەکرد، نامەیەکم لە مەکتەبی سیاسیی حیزمان، حیزبی شیوعی عێراقەوە پێگەیشت، تێیدا نووسرابوو: "... هاوڕێ جەواد موراد کە لەگەڵ قیادەی مەرکەزیی رۆیشتبوو، گەڕاوەتەوە بۆ حیزب و لەگەڵ ئەم نامەیەدا وەرەقەی ترحیلەکەیت بۆ دەنێرین، دوای ئەوەی تەلەفۆنت بۆ دەکات پەیوەندیی لەگەڵ بکەو، لەمەولا تۆ بەرپرسی دەبیت، تا لەپاشدا خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە..." ئیتر لە وەرەقەی ترحیلەکەیدا نووسرابوو کە سیفەتی حزبی ئەندامەو ناوی حزبی و وشەی نهێنی بۆ پەیوەندی و باری سەرنجی حیزب لەبارەیەوە نووسرابوو کە هاوڕێمان بووەو لەگەڵ کەرتکارانی قیادە مەرکەزی رۆیشتبوو، هاوڕێیەکی ئازاو پاکە، رەخنەی توندی لەخۆی گرتووە کەلەگەڵ عەزیز الحاج رۆێشتووە، دڵسۆزەو دەبێ بایەخی پێ بدرێت.

دوای دوو رۆژ لە گەیشتنی نامەکەی م.س. هاوڕێ جەواد پەیوەندی کردو لە کات و شوێنی یەکتر دیتن ئاگادارمکرد. هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی لە شەقامی ئەبو نەواس یەکترماندی و یەکترماننناسی. لەو شەقامە لەسەر کورسییەکی چەپەک

دانیشتین و، هەرچی هەبوو بۆی باسکردم و منیش هەرچیم هەبوو بۆم باسکردو ڕێکەوتین کە هەفتە یان دەرۆژ جارێک تەلەفۆنم بۆ بکات و بەتەلەفۆن هیچ شتێکی گرنگ نەڵێت جگە لە داوای یەکتر دیتن، ئەوکاتە پێی دەڵێم لە فلان رۆژو فلان کاژێر هەر لە شوێنی جاری پێشوو یەکتر دەبینین بێ ناوبردنی شوێنەکە. بەمجۆرە هەموو دیدارێک لەو شوێنەو لەسەر ئەو کورسییە، زانیاریمان ئاڵوگۆڕ دەکردو هەندێ جار لەوناوەش پیاسەماندەکرد.

هاوڕێ جەواد گەنجێکی گەشبین و قسەخۆش و نوکتەزان و جەماوەری بوو، خەڵکی زۆر دەناسی، هەواڵ و رووداوی زۆری باسدەکردو، منیش زۆرجار دەمکردە راپۆرتێک و بۆ حیزبم دەناردو هەندێک جار ئەو هەرچی هەبوایە بە نوسراوی دەیدامێ و، مانگانە ئابوونەکەیم لێوەردەگرت و بۆ حیزبم دەنارد.

بەمجۆرە پەیوەندیمان بەردەوامبوو، یەکدوجار لە قسەکانیدا باسی کیژێکی کوردی کرد بەناوی لەیلاو گوتی لە کوردانی بەغدایەوپەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵی هەیەو زانیومە کە پاڵێوراوە بۆ ئەندامەتی حیزب. گوتم زۆرئاگاداربە چونکە دامودەزگای ئەمنی بەعس ئافرەت بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردێنن. لە وەڵامدا گوتی خەمتنەبێ زۆر جێگەی باوەڕەو باشی دەناسم، تا رۆژێکیان لە سەرەتای ئازاری ١٩٧٤دا لەکاتی دیدارماندا وتی: " هاوڕێ جەلال دەمەوێت مەسەلەیەکی گرنگت لەگەڵ باسبکەم، لقی پێنجی پارتی دوای رۆیشتنی بەرپرسەکەی کە مامۆستا سالح یوسفییە، پەرشو بڵاوبوونەتەوە، زۆریان دەناسم کە کوردی بەغدان، جائەگەر حیزب رێگەمبدا کۆیاندەکەمەوەو لەناویاندا رۆڵێکی ئەرێنی و باشمدەبێت.." لەوەڵامدا گوتم دەبێ پرسی حیزب بکەین، کەپرسیم هاوڕێکەی م.س. گوتی خۆت باشتردەزانیت، رێگەپێدراویت چونت پێباشە وابکە. لە دیدارێکی ئایندەدا دوای گفتوگۆو تاووتووکردنی باسەکە پێمگوت پێشنیازەکەت باشە بەڵام زۆر ئاگاداری خۆتبە، ئیتردەستبەکاربوو، زۆریانی رێکخستەوە. لەدیدارێکی زۆردواتردا گوتی داوامکراوە بچم بۆ دیداری برادەرێکی سەرکردایەتی پارتی لە بارەگایەکی پێشمەرگە لەوبەری سیروان، واتە لە ناوچەی مەیدانی سەربەقەزای خانەقین. کە گەڕامەوە چی هەبێت بۆت باسدەکەم. گوتم باشە بەڵام لەو سەفەرەو هاتنەوەتدا زۆر ئاگات لەخۆتبێ.!

ئێوارەیەکیان لە تەلفزیۆنی بەغداوە بڵاوکرایەوە کە" باندێکی تیرۆریست لە بەغدا دەستگیرکراون کە تەقەمەنی و چەکیان پێگیراوەو ویستویانە سینەما ئەتڵەس و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بتەقێننەوە! کە ئەمانەن: جواد موراد هەمەوەندی، لەیلا قاسم حەسەن، ئازاد سلێمان میران، نەریمان فوئاد مەستی و حەسەن حەمە رەشید"، بۆ رۆژی دوایی رۆژنامەکانی بەغدا لاپەڕەکانیان بە "راستیگوتن- ئیعتیرافەکانی ئەم باندە!" پڕکردبۆوە. ئیتر یەکەوڕاست هاوڕێیانم ئاگادارکردەوە کە هاوڕێ جەوادیشیان لەگەڵەو بۆماوەی هەفتەیەک خۆم شاردەوە تا دڵنیابووم کەهاوڕێ جواد هەڵوێستی باشبووەو ئیعتیرافی نەکردووەو، ناوی منی نەبردووە.

لەڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە كە گوێم لە هەواڵ و ڕاگەیەندراوەكەی تەلەفزیۆن بوو، پاشان "ئیعتیرافەكانیان"م لە ڕۆژنامەكاندا خوێندەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی كە ئەمە شانۆگەرییەكە لەلایەن دەزگای داپڵۆسێنەری ئەمن و هەواڵگریی ڕژێمی سەدامەوە ڕێكخراوە، چونكە نە لەبیروبۆچوونی جەواد هەمەوەندی و، نەلە سیاسەتی شۆڕشی ئەیلول و پارتیدابووە كە كاری تیرۆریستی لەدژی جەماوەر ئەنجام بدرێت. هەر ڕژێمە دیكتاتۆرەكانی دوژمنانی گەلەكەمان بووە كە كردەوەی شۆڕشگێڕانەی كوردیان بەتیرۆرو یاخیبوون و شتیوا تۆمەتباركردووە!

پاشان دادگا داتاشراوەكەیان بەناوی "دادگای شۆڕش"! بەسەرۆكایەتی جەللادی تاوانكار (جاراللە عەللاف)و ئەندامەتی تاوانكاران عقید یونس ڕەئوف دوری و عقیدی حقوقی راغب فەخری لە٢٠/٤/١٩٧٤دا دەستیانكرد بە دادگایی كردنی( جەواد موراد هەمەوەندی، لەیلا قاسم حەسەن، نەریمان فوئاد مەعروف مەستی، ئازاد سلێمان بایز میران و حەسەن حەمەرەشید) ، (شەهید حەسەن حەمەرەشید برای چیرۆكنووس وئەدیبی ناسراو كاك حەمەرەشید فەتاحە كە لە باوكمەوە خزمی ئێمەن) بریاری دادگا داتاشراوەكە بەئاشكرا لە ٣٠/٤/ ١٩٧٤دا راگەیەندراو لەرۆژی یەكی ئایاری ١٩٧٤دا لەرۆژنامەكاندا بڵاوكرایەوە كە هەرپێنجیان لە سێدارە بدرێن تامردن. هەروا "لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست لەدژی گوناهباركراوان (سەبری خۆشناوو شیروان رەشید هۆمەری) دادگا بریاری دا بەربدرێن". "دەستگرتن بەسەر كەلوپەلی تاوانەكەو پارەی كاش كە پێیانگیراوەو دانانی تاوانەكە بە ئاسایی و ئابڕوبەر" بەشێكبوون لە بریاری دادگا داتاشراوەكەیان!.

لەرۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٧٤دا لەناو بەندیخانەی ئەبو غرێب هەرپێنج تێكۆشەرە قارەمانەكە لەسێدارە دران.

دوای ئەمە تاماوەیەك دایكی لەیلاقاسم لەبەغدا لە هەر پرسەیەكدا ئامادەبووایە بەگریانەوە كراس و تەنورەیەكی سوورو زەردی لەیلای رادەوەشاند.

لەم رۆژانەدا كە ٤٤ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی جەواد هەمەوەندی و لەیلا قاسم و ئازاد میران و نەریمان مەستی و حەسەن حەمە رەشیددا تێپەڕدەبێت، گەلی كورد لەڕیزی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی كوردستاندا تۆماری كردوون ویادو قوربانیدانیانی زۆربەرز نرخاندووەو هەمیشە بەنەمریی دەمێننەوە.

جەللادەكانیش لەنمونەكانی تاوانبار جاراللە عەلافی سەرۆكی دادگا داتاشراوەكەیان وئەوانیترو سەدامی سەرۆكیان كەوتنەناو كەلاوە كۆنی مێژوو، بەرنەفرەتی گەلی كوردستان وگەلی عێراق و بە دادگاییكردن ولەسێدارەدانی هەندێكیان تۆڵەی گەلیان لێكرایەوە..

**هەربژی و پایەداربێ یادی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و گشت شەهیدانی رێگای ئـازادیی چینـی کرێکـارو گەلە تێکۆشەرەکامان..!**




**سەرچاوە: ماڵپەڕی رێگای کوردستان**

## لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەردەوامی بە خەباتی لەیلا قاسم دەدرێت"




**بەرهەم لەتیف**

چالاکوانان و ژنانی شارۆچکەی خانەقین لە ٤٢ هەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم دا، بە گرنگییەوە باس لە خەبات و تێکۆشانی ناوبراو دەکەن دەڵێن: لەیلا قاسم لە کوردستان خۆی ناساند و لە جیهانیشدا بووە بە ناونیشانێک.

ئامینە ئیبراهیم یەکێک لە ژنە چالاکوانەکانی خانەقین لەبارەی خەبات و تێکۆشانی لەیلا قاسم بۆ ڕۆژنیوز دوا و وتی:"

لەیلا قاسم بووەتە سمبولی تێکۆشان و بەرخۆدان و خۆڕاگری لە بەرامبەر زەبر و زەنگی ناو زیندانەکانی بەعس، هەرگیز خۆی ڕادەستی بکوژەکان نەکرد و خۆڕاگر بوو."

ئامینە دەڵێت: لەیلا قاسم چووەتە ناو مێژووی خەباتی ژنانی کوردستان، ژنی کورد ئێستا لە جیهاندا بونەتە سمبولی تێکۆشان، ئەوە یەپەژەیە کە بووە بە سمبولی بەرخۆدان وخۆڕاگری لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە، ژنی کورد توانیوییەتی خۆی بسەلمێنێت لە ئاست ژنانی جیهاندا، هیچ ژنێک تا ئێستا نەگەشتووەتە ژنی کورد لە خەبات و تێکۆشاندا، ئێمەی ژنان شانازی بە خۆمانەوە دەکەین.
ناوبراو تیشکی خستەسەر بەرخۆدانی لەیلا قاسم لەو سەردەمەدا و دەڵێت:" ئەو سەردەمە سەردەمێکی سەخت بوو، لەیلا

قاسم توانی ئەو بەربەستانە تێکبشکێنێت و بچێتە ناو خەبات و تێکۆشان و خۆی بسەلمێنێت، وەک ژنێکی کورد سەلماندی کە ژن و پیاو ئەگەر لەسەر ڕێبازێک بن شانبەشانی یەک هیچ جیاوازییەکیان نییە."

ئەمەل شکور ژنە چالاکوانی شارۆچکەی خانەقین لەسەر هەمان سالیاد بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:" لەیلا قاسم بوو بە دەستپێشخەریەک لە خەبات و تێکۆشان، سەرەڕای ئەوەی ئەو سەردەمە و بە ئێستاشەوە تا ڕادەیەک ڕێگری لە کار و خەباتی ژن دەکرێت تا خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لەیلا قاسم ژنێک بوو لە کوردستان خۆی ناساند، لە جیهانیشدا بووە بە ناونیشانێک."

ئەمەل وتیشی: لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەردەوامی بە خەباتی لەیلا قاسم دەدرێت، دەبێت ببێت بە نمونەیەک بۆ هەموومان، چونکە ئەو ترسی نەبوو توانی بە ئازایەتی خۆی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەو تێکۆشانەی کە ئەو کردویەتی و ئەو مێژووەی لەدوای خۆی بەجێی هێشت، جێگەی شانازی کەسوکارەکەی و هەموو گەلی کوردە.

شەهید لەیلا قاسم لەساڵی ١٩٥٢ لە شارۆچکەی خانەقین لەدایک بووە، ئەو ژنە چالاکوانێکی سیاسیی کورد بوو، لەدوای دەستگیرکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق لە ١٢ - ٥ - ١٩٧٤ لە شاری بەغدا لە سێدارەی دا.
س.خ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٦

## لەیلا قاسم کێ بوو؟ چی لەسەر چیرۆکی خۆشەویستیەکەی دەزانیت؟





### خێزان


لەیلا قاسم، کچە تێکۆشەری کورد، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورد لەدایکبووە، چالاکوانێکی سیاسیی کورد بوو، کە ڕژێمی بەعسی عێراق لە بەغدا لە سێدارەی دا. لەیلا قاسم وەک یەکەم کچی شەهیدی خەباتی کورد دەناسن.



قاسم حەسەنی باوکی لەیلا، کرێکاری کۆمپانیای پاڵاوگەی نەوتی ئەلوەند بوو. دوای ئەوەی قاسم خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٧١ لە خانەقینەوە ماڵیان گواستۆتەوە بۆ بەغدا. هەموو خوشک و براکانی لەیلا (سەبیحە، سەلام، سەفا، سەلاح) خەریکی خوێندن بوون. سەرباری خوێندن هەریەکەیان لەپای خوێندنەکەیان بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەیان کاریان کردووە.



لەیلا قاسم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە. لەیلا لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە. لەیلا کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوەی هەژاری و نەداری چەشتبوو، لەلایەکیش و زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی عێراق لەسەر گەلی کورد، بیری ئازادیخوازانە و خەبات و تێکۆشانی لەلای لەیلا قاسم دروستکردبوو.




لەیلا هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ بزووتنەوە و ڕێکخستنەکانی نەتەوەکەیدا پەیداکرد. ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگای سەلام قاسمی برا گەورەکەیەوە پێوەندی بە بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەیەوە کردووە و لەنێو ڕیزەکانی 'یەکێتیی قوتابیانی کوردستان'

خەبات و تێکۆشانی بەڕێوەبردووە. لەیلا ساڵی ١٩٧٠ بویە ئەندامی پارتی دموکراتی کردستان. لەیلا قاسم لەنێو قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە وشیارکردنەوە و ڕێکخستنیان. لە کاتێکدا کە دەگوترا ژن ناتوانێت شانبەشانی پیاوان لە شار و لە شاخ و لە دێهاتەکاندا خەبات بکات، لەیلا بە پێچەوانەوە شانبەشانی قوتابییە کوڕەکانی کورد خەباتێکی بەرفراوانتری بەڕێوەدەبرد و دژ بە نایەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوان بوو، بەتایبەتیش کە بۆ خودی خۆی لە بواری کۆمەڵناسیدا دەیخوێند و لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کورددا تێگەیشتبوو.



لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی جەواد هەمەوەندی کە بەیەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد، زۆر یەکتریان خۆشدەویست. ئەگەرچی لەیلا خوێندکاری زانکۆ و جەوادیش کرێکاری یەکێک لە کارگەکانی بەغدا بوو، بەڵام خۆشەویستییەکی بێسنووریان لەنێواندا هەبوو. لەیلا هەر بەڕێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئامانجی لەیلا قاسم لەمەدا زیاتر ناسینی ڕەوشی سیاسی کورد و بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەبردنی خەباتی ڕێکخستن بوو لەنێو شارەکاندا.



لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی هەردووکیان هاوبیر و کۆک بوون لە پرسەکاندا لەپێناو سەرکەوتنی دۆزی گەلەکەیاندا. لەیلا بە خەبات و تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان دەتوانن خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی گەلەکەیان بەڕێوەببەن.



لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە قۆناخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوو، لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانیان سەرباری نکۆڵیکردنی ڕژێمی بەعس لە هەبوونی گەلی کورد، ئەوان سوور بوون لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەیان. هەروەها لەیلا و جەواد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامدابوو و لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی عێراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ و پاشانیش بەهۆی گیرانی لەیلا قاسم و

جەواد و هاوڕێکانی تریان دەستنووسی لێکۆڵینەوەکەشیان لەلایەن سیخوڕەکانی حکومەتی عیراقەوە لەناوبردرابوو.




لەگەڵ بەرفراوانبوونی شەڕەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیمی بەعس بەردەوام و زۆر بەتوندی چاودێری یەکبەیەکی تاکەکانی کوردییان دەکرد. بۆیە ئەوەندەی نەبرد لە ڕۆژی ١٩٧٤/٠٤/٢٨دا لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، نەریمان فوئاد مەستی، حەسەن حەمەڕەشید و ئازاد سلێمان میران) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕێژیم لە بەغدا دەستگیرکران. ڕۆژنامەی الصورەی زمانحاڵی ڕێژیمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی نێوخۆیی عێراق، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی وەک تێکدەر و گێرەشێوێن و تیرۆریست بەناو کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکیشیان بچووکترین کردەوەشیان لەسەر ئاشکرا نەبوو.



لەیلا قاسم کچێکی چاونەترس و زیرەک بوو؛ لەڕووی وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری بەعسدا بێ باکانە ڕایگەیاندبوو: "بە کوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیار دەبنەوە، زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستاندا دەکەم." هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەک نەیتوانی بڕیاری پەشیمانی بە لەیلا دەربڕێت.



ڕێژیمی بەعس بە مەبەستی چاوترساندنی لاوان و قوتابیان و چینی ڕۆشنبیری کورد یەکسەر دوای دەستگیرکردنیان دادگایەکی نادادوەرانەی دژ بە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بەڕێوەبرد و بڕیاری لەسێدارەدانیانی بۆ دەرکرد. هێشتا دوو هەفتە بەسەر دەستگیرکردنیان تێنەپەڕیبوو، کە کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٢/٠٥/١٩٧٤ لەیلا قاسم و هەر چوار هاوڕێکەی لەسێدارەدران. سەلام قاسمی، برای لەیلا قاسم، بە ماوەیەک دوای لەسێدارەدانی لەیلا هەر لە بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە کوژرا. تاوانی سەلام قاسم تەنیا ئەوە بووە کە وێنەی لەیلای خوشکی ناردبوو بۆ دەستی قوتابیانی کورد و ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. دایک و باوکی لەیلا قاسمیش بەهۆی لەدەستدانی دوو ڕۆڵەیان، هەر زوو بە کۆست و خەمێکی گەورەوە سەریان ناوەتەوە و کۆچی دواییان کردووە.



هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بە كوردستاندا بڵاو بۆوە. هەروەها هەندێك لە چاپەمەنییەكانی ئەوساكەی جیهان هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسمیان وەك لەسێدارەدانی یەكەم ژن لە مێژووی سیاسی عێراقدا بڵاوكردۆتەوە. بێگومان لەسێدارەدانی كچە كوردێك بەدەستی ڕێژیمی عێراق كاریگەرییەكی گەورەی كردە سەر لاوانی ئەو سەردەمەی كورد، كە ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بە هەزاران لاوی كورد پەیوەست بن بە دۆزی گەلەكەیان و ڕوو لە چیاكان بكەن.



دوای لەیلا قاسم لە سەرتاپای كوردستان هەزاران منداڵی كورد بە ناوی لەیلاوە ناونران. لەیلا قاسم بوو بە چیرۆك و داستان و هەڵبەستی شاعیرانی گەورەی كوردی وەك جگەرخوێن و هێمن و زۆری تر. هەروەك هێمن لەسەر قارەمانی لەیلا دەڵێ:

**كە تۆ تۆرای لە چاوم وەك خەوی من**
**لە بسكت رەشترە مانگەشەوی من**
**برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە**
**كە ناوبانگی پتر دەركرد ئەوی من**
**بزەی هاتێ، وتی جەلادی خوێری!**
**بە كەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوە پەت نیە میدالی ئیفتخارە**
**كە بوومە قارەمانی میلەتی خۆم**

سەرچاوە: The Kurdistan Tribune ."Leyla Qasim: symbol of freedom, and Independence

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵك - ڕێكەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

# لەیلا قاسم



لەتیف فاتیح فەرەج

## ١

لەیلا قاسم کە نمونەی خاتونی ئازاو لە خۆ بوردی گەلی کوردە،هەروەها سیمبولی هەموو ئەو کیژو کناو دۆت و کناچانەیە کە لە باکورو رۆژئاوای کوردستان بە گژ ستەم و نادادیدا چوونەوە، لە ٢٧ی ١٢ی ١٩٥٠ لە دێی بانمیل لە خانەقین هاتوەتە دنیاوە، ناوی تەواوی لەیلا قاسم حەسەن کە لوڕە، ئەو خاتونە لە ٢٩ی ٤ لە لایەن بەعسەوە لە بەغدا دەسگیر کراولە ٣٠ی ٤ واتە رۆژێ دوای گرتنی بڕیاری ە سێدارەدانی دەرچوو، لە ١٣ی ٥ بڕیارەکە جێبەجێکرا .

لەیلا قاسم ئەو کاتەی دەستگیر کرا،لە قۆناغی دوەمی کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی بوو، لەماوەی کەمی گرتنیدا هەمە جۆر ئازارو ئەشکەنجە دراوبە پێی قسەی ئەو ژنانەی تەرمەکەیان شۆریوە هەردوو چاویشی دەرهێنرابوو، دیارە بەعس بە مردویش لەو کچەکوردە کەلوڕیە ترساون.

## ٢

نێرو مێ هەردو بە جوتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دورە دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێ نافڕێ

لەیلا قاسم تەواو کەری ئەو شیعرە بەناوبانگەی بێکەس بوو، ئەو بێکەسەی زۆری بڕوا بە ئازادی ژنی کورد بوو بۆیە بە نەسرین دەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

لەیلا قاسم لە ناو جەرگەی پایتەختی ستەم و تاوانا، ئەو پایتەختەی سەدان ساڵە پیلانی لە ناودانی نەتەوەکەی لەیلا دەگێڕێت و هیچی لە دەست نایەت و نەتەوەهەر بەردەوامە، لەویَ لەو پایتەختە لەیلا کرا بە داراو ناوەکەی ببوبە ویردی سەرزاران و لە کوردستان هەزاران ناوی بە ناوەوە نرا، شوێنپێهەڵگرەکانی لە یلا قاسم، ساکینە جانسزو ئەو شێرە ژن و کچانەن کە عەرشی داعشیان هێنایە لەرزە.

٣

ڕێزان عەزیز پشتیوان لە کتێبی بەسەر هاتی خانەقین و ئەنفالدا بەم جۆرە باسی لەیلا قاسم دەکات:

گوایە یەکێ لە ئامۆزاکانیشی ئەو سەردەمە لە زیندانا بوە،کەچوونە بۆ سەردانی لەیلا داوای کردووە دەستێ جلی ئاڵ و واڵای کوردی بۆ بێنن تا لە کاتی لە دار دانا لە بەریدا بێت، لە یلا وتویەتی « حەز دەکەم بەجلی کوردیەوە لە دار بدرێم»هەر بەو جۆرەش لە دار درا، لە یلا لە دوای شەهید بوونی وەک سومبلی بە گژاچونەوەو بەرگری ناسراو تەواوی خەڵکی باشوری کوردستان و بەتایبەت کوردی بەغداو خانەقین شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە تا ئێستا ئەو کیژە کوردە لە تەواوی باشوری کوردستانا پەیکەرێکی شایستەی نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٩

## بارزانی: لەیلا قاسم سیمبۆلی خۆنەچەماندن و گیانفیدایيە بۆ هەموومان



**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ئەمڕۆ چل و پێنج ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانیدا تێدەپەڕێت. لەیلا قاسم بەهۆی کوردبوون و ئازادیخوازی و بیروباوەڕییەوە گیانی خۆی فیدا کرد و شەهید کرا. لەیلا نموونەی بەرزی کچی کورد و مرۆڤی کوردە کە شەهیدبوونی وەک شانازییەک قبووڵ کرد و سەری بۆ دووژمن و جەللادەکان شۆڕ نەکرد و، مێژووی بۆ خۆی و گەلەکەی دروست کرد. لەیلا قاسم سیمبۆڵی خۆنەچەماندن و گیانفیدایيە بۆ هەموومان. ئەو بە شەهیدبوونی خۆی بۆ دۆست و دوژمنی سەلماند کە وەفاداری بۆ کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکە و مەرگی سەربەرزانە پڕبەهاترە لە ژیانی بندەستی. سڵاو لە گیانی پاکی شەهید لەیلا قاسم و هاوڕێکانی و، هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی..

مسعود بارزانی

١٢ی ٥ی ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو

# چەند پەیڤێک بۆ شەهید لەیلا قاسم

## لە یادی ٤١ ساڵەی شەهید بونیدا




**سەمەد چاوشین**

ژنانی کوردستان هەمیشە شانبەشانی براکانیان بەشداربوونە لە خەباتکردن دژی داگیرکەرانی کوردستان، زۆر جارانیش ژنان رابەرایەتی شۆرشیان کردووە و ناوبانگیان وەکو ئەستێرە لە ئاسمانی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە. کێ هەیە ناوبانگی حەپسەخانی نەقیب و خانزادەی میری سۆران و قەرە فاتم و لەیلا قاسم و سنەوبەر و نەورۆز تۆپزاوایی نەبیستبێ کە هەریەکە و مێژوویەکی پڕ خەبات و سەروەری بۆ خۆی تۆمارکردووە. هەمیشە جێگای ئەوەیە گەلی کورد شانازیان پێوەبکات، یەکێک لەو ژنانەی کە زۆر مەردانە و بوێرانە پەتی سێدارەی لە مل خرا (لەیلا قاسم) بوو.

لەیلا قاسم لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری دێرینی خانەقینی کوردان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر گەورە بووە. لە خانەقین خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەغدا و لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەدا وەرگیراوە و هەموو ساڵێک ئاستێکی باشی هەبووە بە پلەیەکی باش قۆناغەکانی

خوێندنی دەبڕی تاگەیشتە قۆناغی چواری کۆلیژی ئاداب.

لە قۆناغەکانی ناوەندیەوە شانی داوەتە بەر خەبات و لە پێناوی رزگاری و سەرفرازی گەلەکەیدا. لە ساڵی ١٩٧٤ کە دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە لە نێوان رژێمی بەعس و شۆرشی کورد ئەو لە بەغدا لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی (حەسەن حەمە رەشید و ئازاد سلێمان میران و نەریمان فوئاد مەستی) و هەڤاڵەکانی تر بەڵام بەداخەوە جەللادەکانی بەعس بۆیان لە کەمیندا بوون تا لە رۆژی (٢٩ - ٤ - ١٩٧٤) لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لە گەرەکێکی شاری بەغدا دەستگیرکران و حوکمی سێدارەیان لە دادگا کارتۆنی یەکانی بەعسدا بەسەرا سەپێنرا، لە ١٣ - ٥ - ١٩٧٤ هەواڵی جێ بە جێ کردنی لە سێدارەدانیان لە میدیاکانی بەعسەوە راگەیاندرا.

شەهید کردنی لەیلا قاسم دڵی هەموو کوردێکی تەزاند و ئەوەندەی تر رۆڵەکانی گەلی کوردی رق ئەستور کرد دژی بەعسییەکان. لەو سەردەمەدا هەموو منداڵ و پیر و گەورە و ژنی کورد و هونەرمەندان شیعریان بەسەر لەیلا قاسم هەڵدەدا و یەکێک لەو شاعیرانە مامۆستا هێمن مەهابادی بوو کە شیعرە بەناوبانگەکەی بەسەر شەهید لەیلا قاسم هەڵدا بە ناونیشانی:

بەهاری زەرد
بۆ لەیلا قاسم
بزەی هاتێ گوتی: روناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نی یە مێدالی ئیفتیخارە
کە بومە قارەمانی میللەتی خۆم
ئەوەی بیست شاعیر گریا بە زاری
ئەگەرچی بەسترابوو لێو و زاری
گوتی: لەیلا هەمیشە پایەداری
لە ژێر خاکا لە پێش چاوان دیاری
کە تۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لە بسکت رەشترە مانگە شەوی من
برۆ مەجنون بە لەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر رۆیی ئەوەی من

ئێستاش کە ٤١ ساڵ تێ دەپەرێ بەسەر شەهید کردنی ئەو شێرە ژنە ی کوردان، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید لەیلا قاسم و تێکرای شەهیدانی کوردستان. هەر بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی لە ساڵی ١٩٧٤ یەکێک لە جەللادەکان لە بەغدا ووتبوی پیاوێکی باڵابەرزی کورد بە جلی کوردیەوە هاتبووە پێش نەخۆشخانە لە بەغدا بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی لەیلا قاسم، زۆر خۆشحاڵ و ورەبەرز بوو کە لێمان پرسی تۆ کێی؟ ووتبوی من باوکی لەیلا قاسمم و شانازی بە کچەکەمەوە دەکەم. ئەو جەللادە ووتبوی هەرگیز پیاوی وا بە جەرگ و ئازام نەدیوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## "لەیلا قاسم، نموونەی ئافرەتی بوێر"



**فەزیلە شۆڕش**

**چەمکی بوێری، یەک لە واتاکانی بێدەنگ نەبوون و بەرەنگار بوونەوەی هەر کارێکی زەوتکردن و دەمکووت کردنە.**

مرۆڤ دەبێ هەمیشە ڕەوایەتی و خاوەن مافەکانی خۆی بێت،بە داخەوە کورد چەندەها ساڵە زۆربەی زۆری خاکەکانی لە چوار پارچەی کوردستان داگیرکراوە و تا ئێستاش بەتەواوی ئازاد نەکراون و ڕێگای پێنەدراوە ببێتە خاوەن نیشتیمانێکی سەربەخۆی خۆی، تەنیا باشوری کوردستان نەبێت بە شانازیەوە توانرا بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی و قارەمانیەتی پێشمەرگەکانمان زۆربەی خاکی باشوری کوردستان ئازاد بکەن و ببنە خاوەن هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و بە هیواشین دڵی کوردستان و بەشەکانی تری باشوریش ڕزگار بکرێت و بگەینە سەربەخۆیی کوردستان.

ئەم ئازادیە بە خەبات و قوربانی و گیانفیدایەکی زۆر هاتۆتە دەست،مێژوو شایەتحاڵی ئەم خەباتیە کە سەدەها نموونەی ئازایەتی و بوێری هەیە لە ڕێگای ئازادی کوردستان.

بێگومان دەبێ ئەو ڕاستیەش بدرکێنین کە ئافرەتی کورد ڕۆڵ و بەشدار بوونێکی گرنگی هەبوە و هەیە لەم خەباتە و بێدەنگی هەڵنەبژاردووە بەرامبەر ئەم ستمکاریەی بەرامبەر میللەتی کورد دەکراو دەکرێت، زۆر بوێرانە دژی ئەو زوڵوم و

ستەمکاریە راوەستاوە و بەشداری کارای کە تا ئێستاش بەردەوامە لەبەرگری کردن و خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد، خەباتی چ بە نهێنی بوە چ بە ئاشکرا جێگای دەستە و پەنجەی لە هەموو قۆناغەکانی خەبات دیارە.

ئافرەتانی دلسۆزی نیشتمان و نەتەوە بە رۆحێکی گیانفیدایی پەیوەندیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردوە و باوەری تەواویان هەبووە کە پارتی حزبی راسەقینەی میللەتە،کاری ئافرەت لە جومگەکانی حزب جێگای دڵخۆشی و سەرفرازیە، نیشانەی بوێری ئافرەتی کوردە.

بێگومان بوونی پالپشتی و باوەری سەرۆک بارزانی بە توانای ئافرەت و سەرکەوتنی ئافرەت لە کاری حزبی وای کردووە رێژەی بەشداری ئافرەت لە هەموو جومگەکانی کاری حزبی لە هەلکشان بێت. ئەوەی شایەنی باسە ئافرەتی کورد ئەوەندە بوێرە،مردن بە شانازیەوە لە پێناو نیشتمان و حزبە خەمخۆرەکەی گەل و نیشتمان بەهەلدەبژێری و پەرۆشی گیانفیدایە لە پێناو بیروباوەرەکەی، لەیلی قاسم، وەک نموونەی بوێری، کاتێک لە بەیانیە زووەکەی ١٢ مایو ١٩٧٤ بەرە سێدارەدانیان برد زۆر بوێرانە بەرەو مەرگ رۆیشت و بوێرانە لە بیرو باوەرە پیرۆزەکەی سلی نەکرد و شانازی بە ئەندامەیەتی خۆی دەکرد لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ رۆژی لە سێدارەدانی جەختی کرد کە بەجلی کوردی لە سێدارە بدرێت.

**لەیلی قاسم یەکەم ئافرەت بوو لە عیراق و رۆژهەلاتی ناوەراست سێدارە بدرێت.**

**هەموو جیهان شایەتی چاونەترسی و بوێری ئافرەتی کورد دەدات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەولێر - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠٢٥**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٢ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی**



## ئەستێرەیەکی هەرگیز ئاوا نەبوو

**لەیلا قاسم**

**ئەو خاتوونە بوێرو دلێرە کوردەی لە شەوی لە سێدارەدانی دا جل و بەرگی ئاڵاواڵای جوانی کوردی پۆشی، وەک ئەوەی بۆ زەماوەند بچێ و سڵی لە شتێک نەکردەوە بە ناوی مەرگ و مردن.**

**لە دوای ساڵی ١٩٧٤ لە نیشتمانە کوت کوت کراوەکەی لەیلا قاسم دا هەزاران کیژۆڵەی لە دایکبوو ناویان نرا لەیلا. ئا بەم شێوەیە یادو ناوی لەیلا قاسم هەرمان مایەوە.**

**ئەحمەد ڕەحمانی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران  بۆ نووسینی  وتارو ئامادەکردنی ژیان و بەسەرهاتی ئەم ژنە تێکۆشەرە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

